# یاسای خانەنشینی نوێ

ئامادەکردن و کردنە
PDF
JWAN IBRAHEM

یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراقی فیدراڵ
ژمارە ( 9) ی ساڵی 2014

بەزمانی کوردی وعەرەبی

دەقەکانی یاساو چەند تێبینیەك

دیندار حسین دەرگەڵەیی

Scanned with CamScanner

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی لە هەولێر:

# یاسای خانەنشینی نوێ

## یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراقی فیدراڵ

## ژمارە ( ٩ ) ی ساڵی ٢٠١٤

### بەزمانی کوردی وعەرەبی

**دەقەکانی یاساو چەند تێبینیەك**

دیندار حسین دەرگەڵەیی

٢٧١٤ کوردی ٢٠١٤ زاینی ١٤٣٥ کۆچی

Scanned with CamScanner

| |
|---|
| ناوی کتێب<br>یاسای خانەنشینی یەکگرتو ژمارە ( ٩ ) ساڵی ٢٠١٤ |
| ناوی نوسەر<br>دیندار حسێن دەرگەڵەیی |
| |
| تیراژ<br>١٠٠٠ دانە |
| |
| دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك<br>جمعە صدیق کاکە |
| شوێنی چاپ |

بڵاوکردنەوەی
کتێبخانەی تەبایی / هەولێر
مافی چاپ دانەوە و کۆپی کردنی پارێزراوە
٠٧٥٠٤٦٠٤٩٠٢
٠٧٥٠١٩١٠٩٩٦

Scanned with CamScanner

وما تجزون الا ماكنتم تعملون

اية ٣٩ صافات

هذا ما توعدون لكل اواب حفيظ

٣٢ ق

Scanned with CamScanner

# سوپاس

بر بە دڵ سوپاسی خاوەنی کتێبخانەی تەبایی لە شاری هەولێر دەکەم کەیارمەتی دەرم بوو بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم لە سەر ئەرکی خۆی ،وە بە ئەرکی سەر شانم دەزانم کە سوپاسێکی تایبەتی ئەم بەرێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتوە بکەم مە بەدلسۆزانە هاوکاری چاپ کردنی ئەم کتێبە و کتێبەکانی ترم بوون بە بێ هیچ بەرامبەرێك لە خودای گەورە داواکارم پاداشتی خێریان بداتەوەو هاوشێوەیان زیاد بکات.

١ - خاتو نور عبد المنعم

٢ – خاتو شەوین عبدالله

٣ – کاك داستان صالح

دیندار دەرگەڵەیی

٢٠١٤/٤/١٥

Scanned with CamScanner

# ناوەرۆك


پێشەكی ................................................................ ٧
یاسای خانەنشی نوێ .................................................... ٩
پێناسەی خانەنشین كردن.................................................. ٩
بەشی یەكەم
پێناسەكان ............................................................... ١٢
بەشی دووەم
ئامانج و ئامراز و گرتنەوەی یاساكە.......................................... ١٦
بەشی سێیەم
دەستەی خانەنشینی ........................................................ ١٨
كارەكانی دەستەی گشتی خانەنشینی ............................................ ١٨
بەشی چوارەم
پەیكەری رێكخستنی دەستە ................................................... ٢٠
ئەنجومەنی سندوق........................................................... ٢٢
داهاتەكانی سندوقی خانەنشینی ................................................ ٢٤
بەشی پێنجەم
خانەنشین كردن............................................................. ٢٦
درێژكدنەوەی ماوەی خزمەت دوای تەواو كردنی تەمەنی یاسایی :......... ٢٧
خانەنشینی پێكانی كار ......................................................... ٣٠


Scanned with CamScanner

بەشی شەشەم
گلدانەوەی خانەنشینی و خزمەتی ........................ ٣٣
خزمەتی خانەنشینی ........................ ٣٤
ئەو خزمەتانەی بە خزمەت هەژمار ناکرێن بۆ خانەنشینی ........................ ٣٨
بەشی حەوتەم
دابین کردنی ماڤ خانەنشینی وهەژمارکردنی ........................ ٣٩
یاداشتی کۆی خزمەت: ........................ ٤٢
ماڤ ژنان لە یاسا کە دا ........................ ٤٦
بەشی هەشتەم
دووبارە دامەزراندەوەی خانەنشین کراو ........................ ٤٧
دووبارە دامەزراندنی خانەنشین کراوەکان ........................ ٤٧
بەشی نۆیەم
خانەنشینی جێماوەکان ........................ ٥٠
بەشی دەیەم
بەر پێچگرتن یان تانە گرتن ( **الاعتراض**) ........................ ٥٥
بەشی یانزەم
بێ بەش کردن لە مووچەی خانەنشینی ........................ ٥٧
بەشی دوازدەم
حوکمە گشتی و کۆتاییەکان ........................ ٥٨
خانەنشینی سەرۆکەکان و پلە تایبەتیەکان ........................ ٦٥
هۆکارەکانی ئەرێنی ........................ ٧٠
چەند تێبینیەك لە سەر یاسای خانەنشینی لە عێراقی فیدراڵ ........................ ٧١
قانون التقاعد الجديد ........................ ٧٣

Scanned with CamScanner

# پێشەکی

ان الحمد لله، نحمده، ونستعينه،ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا،وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل لـه،من يضلل فلا هادى لـه، ونشهد أن لا الـه الا الله وحده،لاشريك له، ونشهد ان محمدا عبده ورسوله،بلغ الرسالة،وأدى الامانة ، ونصح الامة ،وأدار بحكمة، وجاهد في سبيل الحق حتى أتاه اليقين.

فەرمانبەران لە کۆمەڵگای ئیمەدا توێژیکی زۆرن کە هیچ خزانێك نیە لەم هەرێمەدا کەسێکی یان زیاتری فەرمانبەر نەبێت بون بەفەرمانبەر لای گشت هاوڵاتیان بۆ دوا رۆژە لە کاتی پەکەوتن و بێ هێزی پێویستی بەکەس نەبێت یارمەتی دەرو بە خێو کەری بێت جگە لە دەوڵەت کە لە رێگای مووچەی خانەنشینی دەوڵەت بژێوی مسۆگەر دەکات بەڵام کام بژێو تا ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خانەنشین کراوەکان موچەی مانگانەیان (٢٢٠٠٠٠) هەزار دینارە بە پێی گشت پێوەرەکان بەرگەی خەرجی یەك هەفتەش ناگرێت ئەگەر خێزانەکە تەنها (٣) کەس بن . یاسای خانەنشینی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٤ کەمترین مووچەی خانەنشینی بە (٤٠٠٠٠٠) دینار داناوە وە بۆ خزانی دوو کەس بەرەو سەر بە (٤٦٠٠٠٠) دینار ئەم مووچەیەش هەر کەمە ئەگەر بەراوردی بکەین بەو هەڵاوسانە ئابوریەی کە عێراقی بەگشتی گرتۆتەوە و هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی ، رەنگە بۆ پارێزگاکانی عێراق تا رادەیەك باش بێت بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان موچەیەکی گونجاو نیە دەبێت زۆر لەمە زیاتر بێت .

لەم کتێبەدا دەقەکانی یاساکەمان وەك خۆی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی نووسوەتەوە لەگەل دەربرینی رامان لەسەر دەقکانی یاسا ئەگەر پێویست

بوو بێت وە چەند تێبینیەکی گشتگیریش لە سەر کۆی یاساکە . هاوکێشەکانی هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی و پاداشتی خانەنشینی بە چەند نونەیەکی پراکتیکی لە کتێبەکەدا هاتون.

لە خودای گەورە داواکارم ماندوبونەکەم لێ وەرگرێت وە پێکانی راستی تێبینیەکانم لە خودای گەورە وەیە وە هەڵەکان کاری خۆمن کە منیش مرۆڤم بێ هەڵە نیم . سوپاس بۆ خودای گەورە لە ٢٠١٤/٤/١٥ نوسینەکەم تەواو کرد وە دواخستنە لە بەر چاوەروانی بڵاو بونەوەی یاساکە بووم لە رۆژنامەی وەقائیعی عێراقی.

**دیندار دەرگەڵەیی**

٢٠١٤/٤/١٥

# یاسای خانەنشی نوێ

خانەنشین کردن حالەتێکە لەحالەتەکانی کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوان فەرمانبەر و فەرمانبەرایەتی ، فەرمانبەر خانەنشین دەکرێت لەبەر تەواوکردنی تەمەنی یاسایی یان خزمەتی زۆری یان نەخۆشی یان مردن یان حالەتێکی تر ئەگەر لە یاسادا ئاماژەی پێ بکرابێت وە فەرمانبەری خانەنشین کراو مافی خۆی وەردەگرێت خۆی یان جێماوە شایستە بووەکانی کە بریتیە لە مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی یان بری دیاری کراوی خانەنشینی بەپێی یاسا.

## پێناسەی خانەنشین کردن

خانەنشینی لەرووی زمانەوانیەوە بریتە : لە دانیشتن لە مال یان دانیشتن بە بێ کار یان حەسانەوە دوای ماندوو بوون وە لە بەرامبەری دا ماف وەردەگرێت ، مافەکەی موچەی خانەنشینیە یان پاداشتی خانەنشینی ئەگەر شایستەی مووچەی خانەنشینی نەبێت لە بەر کەمی خزمەتی.

ووشەی خانەنشینی (التقاعد) لە زمانی عەرەبی لە (قعد) هاتوە کە واتاکەی پێچەوانەی وەستانە بەواتای دالنیشتن وە (تقاعد) بە واتای دانیشتن دێت بەلام لە مافەکانی دەرناچێت[1].

---

[1] ابي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظر الافريقي المصرى، لسان العرب ، المجلد ٢ ، دار الفكر للطباع والنشر والتوزيع ، بيروت ، ٢٠٠٨ ، ص٢٦٦



Scanned with CamScanner

خانەنشین کردن وشەیەکی فەرەنسی کۆنە بە واتای کشانەوە یان کشانەوە لە کار (Retraire)

لە گەڵ دابین کردنی موچە (گوزەران ) بۆ خانەنشین کراو .

بە واتایەکی تر ئەو کەسەی کار دەکات دوای وەستانی چالاکیەکانی پیشەیی مووچەیەکی پێ دەدرێت لە لایەن ئەو دەستەیەی کە کارمەندی بووە ( دەستە بەری کۆمەڵایەتی بێت یان خانەنشینی) لە بەرامبەر بەشداری کردنی لە بیمەی کۆمەڵایەتی یان سندوقی خانەنشینی .

(droita laretriate) مافی خانەنشینی مافی وەستانە لە کار کردن لە تەمەنێکی دیاری کراو وە مافی وەرگرتنی موچەی خانەنشینیە لە کۆتای هاتنی دا.[٢]

(Retirement) خانەنشین کردن : بریتیە لە دەرچوون لە خزمەتی فەرمانبەرایەتی پاش گەیشتن بە تەمەنێکی دیاری کراو لە بەرامبەر وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی .

خانەنشین کردن : بریتیە لە کۆتای هاتنی خزمەتی ( کری گرتەیی) لە بەرامبەری دا موچەی خانەنشینی بۆ دەست نیشان دەکرێت وە ئەم حالەتە لە سەر فەرمانبەرانیش جێ بەجێ دەکرێت پاش گەیشتنیان بە تەمەنێکی دیاری کراو یان خزمەت کردنیا لە ماوەیەکی یاسایی بە پێی حوکمەکانی یاسا .[٣]

خانەنشین کردن مافێکە لە مافەگرنگەکانی فەرمانبەر وە ئەم مافەش بە یاسایەکی تایبەت دابین کراوە کە دوا یاسا لە عێراقی فیدرال یاسایی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٤[٤] بە ناوی یاسای خانەنشین کردنی یەکگرتوو کە لە خوارەوە مادەکانی دەخەینە روو لەگەڵ ئەو کەلێنانەی لە یاسایەکەدا هاتوون وە رامان دەربارەیان .

---

[٢] جیراز کۆرنو ، ترجمة منصور القاضي، معجم المصطلحات القانونية ،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ، بيروت،١٩٩٨ ، ص٥٣١،٥٣٢ .

[٣] مۆريس غله واخرون ، القاموس القانوني الثلاثي، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت ،٢٠٠٢،ص٥٥٦-٥٥٧

[٤] الوقائع العراقية العدد ٤٣١٤ في ٢٠١٤/٣/١٠

ئەم یاسایە لە ٢٠١٤/١/١ جێ بەجێ دەکرێت وە خانەنشین کراوەکان قەرەبوو دەکرێنەوە بە جیاوزیەکانی مووچەی دەسپێکی سالی ٢٠١٤ هەتا ئەو مانگەی یاسایەکەی دەخرێتە بواری جێ بەجێ کردنی کرداری هەروە لە راگەیاندنکانی عێراقی فیدرال هاتوە کە لە مانگی نیسان جێ بەجێ دەکرێت وە خانەنشینکراوەکان جیاوازیەکانیان لە گەل ئەم مانگە بۆ خەرج دەکرێت.



Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

# پێناسەکان

# ووشەو زاراوەی بەکارهاتوو لەیاسای خانەنشینی یەکگرتوو

لە مادەی (١) یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ساڵی ٢٠١٤ ا چەند ووشەو زاراوە هاتوون کە مەبەستی یاسادانەری عێراقی ئەمانەی خوارەوەیە کە بەرامبەر هەر یەکیان دیار کراوە:

یەکەم / وەزارەت: لە هەر شوێنێك هاتبێ مەبەستی وەزارەتی داراییە

دووەم / دەستە: مەبەست دەستەی خانەنشینی نیشتمانیە کە بەپێی ئەم یاسایا دادەمەزرێت

سێیەم / سندوق سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت .

چوارەم / سەرۆکی دەستە: فەرمانبەرێکە بە پلەی بریکاری وەزارەت کە سەرۆکایەتی دەستەی نیشتمانی خانەنشینی پێ دەسپێردرێت .

پێنجەم/ بەرێوەبەری گشتی: بەرێوەبەری گشتی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

شەشەم // ئەنجومەنی کارگێری:ئەنجومەنی کارگێری سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت.



Scanned with CamScanner

حەوتەم / فەرمانبەر : هەر کەسێك فەرمانبەرایەتیەك لە ئەستۆ بگرێت شارستانی بێت یان سەربازی یان ئاسایشی یان راسپێردراو بێت بە خزمەتی گشتی وە مووچەکەی یان رۆژانەکەی یان پاداشتی لە دەوڵەت وەربگرێت وە گلدانەوەی خانەنشینی لێ ببرێت .

هەشتەم / فەرمانبەری کاتی :هەر کەسێك گرێبەستی لەگەل بکرێت وە گشت مەجەکانی دامەزراندنی تیادا بەرجەستە بوبێت بە پێی یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ هەموار کراو .

نۆیەم / خانە نشین کراو: ئەم کەسەیە کە لە ئەنجامی خزمەت کردنی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت یان پاداشتی خانەنشینی یان بڕەکی دیاری کراو بە پێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دەیەم / مافەکانی خانەنشینی: بریتیە لە مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی یان بری دیاری کراو .

یانزەم / بری دیاری کراو :ئەو برە پاریەیە کە خانەنشین کراو وەری دەگرێت لە ماوەی ژیانی کە خزمەتی خانەنشینی لە (١٠) سالْ کەمتر نەبێت وە لە (١٥) سالْ کەمتر بێت ( ئەگەر بوو بە (١٥) سالْ موچەی خانەنشینی وەر دەگرێت).

دوازدەم / پاداشتی پەکەوتەیی: پاداشتە قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەرە لەو پەکەوتنەی بەسەری هاتووە لە ئەنجامی پێکانی کار .

سێزدەم / پاداشتی کۆتای خزمەت: بڕە پارەیەکە بۆ فەرمانبەر خەرج دەکرێت لە کاتی خانەنشین کردنی بەپێ ی یاسا .

چواردەم / مووچەی خانشینی : مووچەی مانگانەیە کە خانەنشین کراو شایستەی دەبێت .

پازدەم / مووچەی فەرمانبەرایەتی: مەبەست مووچەی بنەرەتیە بەبێ دەرمالەکان کە فەرمانبەر لە ماوەی خزمەتی خانەنشینی وەریان دەگرێت مانگانە.



Scanned with CamScanner

شازدەم / کەلەکەبوونی مووچەی : بریتیە لە کەلەکەبوونی مووچەی مانگانەی فەرمانبەر لە (٣٦) مانگی کۆتایی خزمەتی پێش خانەنشین کردنی (وە مووچەی مانگانە ئەگەر لە مانگێك کەمتر بوو هەژمار ناکرێت بۆ ئەم مەبەستە).

هەڤدەم / فەرمانبەرایەتی خانەنشینی : ئەو فەرمانبەرایەتیەیە لە دام ودەزگاکانی دەوڵەت ئەنجام دراوەوە گلدانەوەی خانە نشینی لە سەر وەرگیراوە.

هەژدەم / خزمەتی خانمەنشینی:ئەو خزمەتەیە کەبۆ خانەنشین کردن هەژمار دەکرێت بە پێی ئەم یاسایە یان یاسایەکی تر وە گڵدانەوەی خانەنشینی لێ وەرگیراوە.

نۆزدەم / بەشی خانەنشینی : الحصه التقاعدیه : بەشی مانگانەی مووچەی خانەنشینی کە بە بەر شایستە بووی مووچەی خانەنشینی دەکەوێت.

بیستەم / جێماوەکان : ئەندامانی خێزانی فەرمانبەرن یان خانەنشین کراون کە جێگاە دەگرنەوە لە کاتی مردنی بە پێی ئەو یاسادیە یان یاساکانی تر.

بیست ویەکەم / دەرامەتی تایبەت: ئەو کۆژمەیە یان ئەو مووچەیە کە کەمتر نەبێت لە لایەنی کەمی بەشی مووچەی خانەنشینی یەك شایستە بووی.

بیست و دووەم / شایستە بوو: ئەوەی شایستەی مافەکانی خانەنشین دەبێت لە جێماوەکانی خانەنشین کراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

بیست و سێیەم / لێژنەی پزیشکی: ئەو لێژنەفەرمییەیە کە لەوزارەتی تەندروستی پێك دەهێندرێت بۆ مەبەستی پشکنین و بریاردان لە رەوشی تەندروستی فەرمانبەر بۆ مەبەستی خانەنشینی.

بیست وچوارەم / لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە : ئەو لیژنە پزیشکیە فەرمیەیە کە وەزارەتی تەندروستی دەست نیشانی دەکات بۆ سەیر کردنی تانەکانی پێشکەش کراو لەسەر بریارەکانی لیژنەی پزیشکی .

بیست وپێنجەم / نەخۆشی (المرض): تێك چونی باری تەندروستی فەرمانبەرە کە دەبێتە رێگر بۆ ئەنجام دانی کاری رۆژانەی فەرمانبەر وە ئەمەش

بە هۆی پێکانی کار نیە وە سەلماندنی نەخۆشی فەرمانبەر بە راپۆرتی پزیشکی لێژنەی پزیشکی فەرمی .

بیست وشەشەم / نەخۆشی پیشەیی : تێکچوونی باری تەندروستی فەرمانبەرە کە رێگردەبێت لە ئەنجام دانی کارەکانی وە ئەو نەخۆشیەی لە ئەنجامی کار کردنی پیشەیەکی دیاریکراوە.

بیست وحەوتەم / پێکانی کار (اصابة عمل): بریتیە لە تووش بوونی فەرمانبەر بە نەخۆشیەکی پیشەیی لە ئەنجامی کارکردنی لە دام دەزگاکانی دەولەت یان بەکەوتن و لەدەست دانی ئەندامێکی جەستەی لە کاتی کارکردنی یان لە ئەنجامی کارکردنەکەی وە هەر کارەساتێك بە سەر فەرمانبەر بێت لە رێگای هاتنە دەوام و گەرانەوەی بۆ مالەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە حوکمی پێکانی کار هەژمار دەکرێت .

بیست و هەشتەم / رووداو( الحادثة): بەسەرهاتێکی مادی دەرەکی لەناکاوە کە ئاسەواری راستەوخۆ لە سەر جەستە دروست دەکات. بۆ نمونە باسك شکانی فەرمانبەر بە هۆی رووداوی بە یەك دادانی ئۆتۆمبیل لە ریگای چوونە دەوامی فەرمانبەر بۆ فەرمانگەکەی.

بیست ونۆیەم / پەکەوتن (العجز) : کەم بوونەوەی توانای کارکردنە بە تەواوی یان بە رێژەیی بە هۆی نەخۆشی. بۆ نموونە تووش بوونی فەرمانبەر بە دەرچوونی دیسکی بربرەی پشتی دەبێتە هۆی لەکار خستنی رۆیشتنی کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی توانای فەرمانبەر بە رێژەیی.

سیەم / لەکار کەوتن ( العطل) : کەم بوونەوەی توانای کارکردنی فەرمانبەرە بە تەواوی یان بە رێژەی بە هۆی پێکانی کار . بۆ نمونە لە دەست دانی دەستێکی فەرمانبەر بە هۆی برینی بە ئامێرێکی کار کردن کە رۆژانە کاری لە سەر دەکات ئەمە لەکار کەوتنێکی رێژەییە.

# بەشی دووەم

## ئامانج و ئامرازو گرتنەوەی یاساكە

لە مادەی دووەمی ئەم یاسایا ئامانج لەیاساكەو ئامرازەكانی وە لەسەر كێ جێ بەجێ دەكرێت لە خۆ دەگرێت بە شێوەیەی خوارەوە:

١/ ئامانجەكانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەن .

أ. دابین كردنی ژیانێكی خۆش بۆ ئەم كەسانەی ئەم یاسایەیان دەگرێتەوە .

ب. بەشداری كردن لە دابین كردنی بەها كۆمەڵایەتیەكان بە یەكسانی وە گەیشتن بە هاوكێشەیەك كەیەكسانی دابین بكات بۆ دابەش كردنی دەرامەتەكان لە نێوان نەوەكانی ئەمرۆ و نەوەكانی داهاتوو.

ج. گەیاندنی چەتری خانەنشینی بەچینی زیاتر .

د. دابین كردنی ئاسوودیی دەروونی مادی بۆ ژمارەیەكی زۆر بە پێ ی توانا لە فەرمانبەران و خەنەنشینی كراوەكان و جێماوەكان.

ه. پاراستنی دەرامەتی كارمەندان و خێزانەكانیان لە حاڵەتەكانی خانەنشین كردن و پەككەوتن و لە كاركەوتن و پیری و مردن دا .

و. دروست كردنی ئاسان كاری بۆ گواستنەوەی كارمەندان لە نێوان كەرەتی گشتی و كەرتی تایبەتی دا .

٢/ ئامانجەكانی ئەم یاسایە بەم ئامرازانەی خوارەوە جێ بەجێ دەكرێت .

أ. وەبەرهێنانی داهاتی سندوقی خانەنشینی .



Scanned with CamScanner

ب. یەکخستنی حوکمەکانی گواستنەوەی سوود لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دا وە کارئاسانی گواستنەوەی هێزی کار لە نێوانیان دا .

ج. بەکار هێنانی تەکنەلۆجیا بۆ پێش کەش کردنی خزمەت گوزاری بۆ خانەنشین کراوەکان .

٢/ حوکەکانی ئەم یاسایە گشت فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و فەرمانبەرایەتی کاتی و راسپێردراوان بە خزمەتی گشتی و فەرمانبەرانی کەرتی تێکەلاّ و پێش ٢٠٠٣/٤/٩ و خانەنشین کراوەکان دەگرێتەوە لەم حالّەتانەی خوارەوەدا :

١- خانەنشین کردن .

٢- نەخۆشی و پەککەوتن.

٣- پیری .

٤- مردن .

# بەشی سێیەم

# دەستەی خانەنشینی

لە مادە (٤) ئەم یاسایەدا هاتوە:

١- دەستەیەك دروست دەبێت لەسەر ئاستی عێراق بەناوی دەستەی نیشتمانی خانەنشین کردن وە کەسایەتی مەعنەوی دەبێت بە وەزارەتی مالیە گرێ دەدرێت بارەگایەکەی لە بەغدا دەبێت.

٢- کەسێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بریکاری وەزارەت دەبێت بەلای کەم هەلگری بروانامەی بکالۆریوس بێت ، ئەمە سەرۆکی باڵای دەستەیە وە گشت کارەکانی کارگێری پێویستی ئەنجام دەدات وە کاروبارەکانی ئاسان دەکات وە چالاکیەکانی جێ بەجێ دەکات وە نوێنەرایەتیان دەکات لە بەرامبەر دام ودەزگاکانی دەوڵەت و دادوەری بە پێی یاسا. وە بەناوی ئەو بریارو فەرمانەکان دەردەچن ، بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلاتەکانی بسپێرێت بە فەرمانبەرێکی تر لە دەستە.

٣- بەرێوەبەری گشتی سندوق شوێنی سەرۆکی دەستە دەگرێتەوە لە کاتی ئامادە نەبوونی.

### کارەکانی دەستەی گشتی خانەنشینی

لە مادەی (٥) ئەم یاسایەدا هاتوە : دەستەی گشتی خانەنشینی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:



Scanned with CamScanner

یەکەم: جێگیرکردنی خزمەتی کارمەندانی دەوڵەت وکەرتی گشتی وتیکەڵاو لە سڤیلەکان (مدنیین) وە سەربازیەکان وە هیزی ئاسایش و راسپێردراوەکان بە خزمەتی گشتی.

دووەم : ئەنجام دانی پشکنینی (اکتواری) دەربارەی باری دارایی سندوقی خانەنشینی لە رێگای شارەزایەکی ئیکتواری سەربەخۆ وە بە یارمەتی دانی بەشی شیکردنەوەی سیاسەتی خانەنشین کردن و ژمێرکاری ئیکتواری لە دەستە هەر (٥) ساڵ جارێك.

سێیەم : دانانی بنەمایەك بۆ داتاکانی تایبەت بە فەرمانبەرانی دەوڵەت و خانەنشین کراوەکان کە ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە ، دابین کردنی شەفافیەت لە کارەکان و وە ئاسانکاری بۆ بە دەست هێنانی خەملاندنی وورد دەربارەی جۆنیەتی جێگیر بوونی دارایی سندوق ، لە سەر وەزارەتەکان ولایەنەکانی نە بەستراوە بە وەزارەتە داتای تایبەت بە فەرمانبەرانیان بدەنە دەستە.

چوارەم: هەژمار کردن و خەرج کردنی مافی خانەنشینی بە پێی یاسا .

پێنجەم : پێشنیارکردنی پرۆژە یاساکانی پەیوەست بە خانەنشین کردن وە پرۆژەکانی پەرەپێدانیان بۆ وەزارەتی دارایی لە بەر رۆشنایی پێشهاتەکان و گرفتەکانی کە رووبەرووی جێ بەجێ کردن دەبنەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی دارای و دەوڵەت و ئامانجەکانی.



Scanned with CamScanner

# بەشى چوارەم

## پەيكەرى ريكخستنى دەستە

پەيكەرى ريكخستنى دەستە لە مادەى (٦) ئەم ياسايە ريك خراوە بەم شيوەيەى خوارەوە:

يەكەم : دەستە لەم پيكهاتانەى خوارەوە پيك ديت:

أ. سندوقى خانەنشينانى فەرمانبەرانى دەولّەت.

ب. بەريوەبەرى كار وبارى خانەنشين كراوەكان.

ج. بەريوەبەرى كارو بارى كارگيرى وياسايى.

د. بەريوەبەرى حاسبە و سيستمى زانياريەكان.

هـ. بەريوەبەرى ژير خان و خزمەتگوزارى.

و. بەريوەبەرى كارو بارى دارايى.

ز. بەريوەبەرايەتيەكانى خانەنشينى لە پاريزگاكانى ريكنەخراو بە هەريم.

دووەم : ئەو بەريوەبەرايەتيانەى لە سەرەوە هاتوون لە (يەكەم) فەرمانبەريك بەريوەيان دەبات بە ناونيشانى بەريوەبەر بەلاى كەم دەبيت هەلگرى بروانامەيەكى زانكۆيى سەرەتايى بيت وە شارەزاو پسپۆريش بيت.

سييەم : دابەش كردنى پيكهاتەكانى دەستە و كارەكانيان وەزارەتى دارايى دەست نيشانيان دەكات بە دەرهينانى سيستەميكى ناوخۆ لە لايەن وەزيرى دارايى.



Scanned with CamScanner

مادەی(٧)

یەکەم: سندوقی خانەنشینی کەسایەتیێکی مەعنەوەی هەیە وە بەڕێوەبەری گشتی سندوق نوێنەرایەتی دەکات یان ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی رایبسپێرێت .

دووەم:

أ - فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی سندوق دەکات بە ناونیشانی بەڕێوەبەری گشتی کە هەلگری بروانامەی زانکۆیی سەرەتایی بێت بەلای کەمەوە وە خاون پسپۆری و شارەزا بێت.سەرۆکی دەستە کاندیدی دەکات وە بە پێی یاسا دادەمەزرێت .

ب – فەرمانبەرێك دەبێتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی

کە هەلگری بروانامەی زانکۆیی سەرەتایی بێت بەلای کەمەوەوە خاون پسپۆر و شارەزا بێت.

ج - بەڕێوەبەری گشتی دەبێت بەشێك لە دەسەلاتەکانی بسپێرێت بۆ یەکێك لە فەرمانبەرانی سندوق.

سێیەم : دەبێت دەستە لقێك یان چەند لق لە بەغدا و پارێزگاکانی رێکنەخراو بە هەرێم بکاتەوە وە لقە کان لە ئاستی بەش دەبن وە فەرمانبەرێك بەڕێوەیان دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر

کە هەلگری بروانامەی زانکۆیی سەرەتایی بێت بەلای کەمەوەوە خاون پسپۆری و شارەزا بێت.

چوارەم : سندوقی خانەنشینی سەرپەرشتی ئەم ئەرکانە دەکات کە لە خوارەوە هاتوون:

أ. هەژمارکردنی گلدانەوەی خانەنشینی و کۆکردنەوەی.
ب. خەرج کردنی مافەکانی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی خانەنشین دەکرێن.
ج. وەبەرهێنانی سەرمایەی سندوق و گەشەپێدانی و پاراستنی .



Scanned with CamScanner

## ئەنجومەنی سندوق

لە مادەی (٨) ئەم یاسایە دەست نیشانی پێکهاتەی ئەنجومەنی سندوقی خانەنشین کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم** : سندوق ئەنجومەنێکی کارگێری دەبێت کە لە مانەی خوارەوە پێك دێت :

| | |
|---|---|
| أ. سەرۆکی دەستەی نیشتمانی خانەنشینی | سەرۆك |
| ب. بەڕێوەبەری گشتی سندوق | جێگری سەرۆك |
| ج. بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەتی دارایی | ئەندام |
| د. بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی بودجە لە وەزارەتی دارایی | ئەندام |
| هـ. نوێنەری وەزارەتی بەرگری کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت | ئەندام |
| و. نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت | ئەندام |
| ز. نوێنەری وەزارەتی پلان دانان کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت | ئەندام |
| ح. نوێنەری وەزارەتی کارو کارو باری کۆمەڵایەتی کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت | ئەندام |
| گ. نوێنەری وەزارەتی بانکی ناوەندی عێراقی کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت | ئەندام |

**دووەم** : بۆ ئەنجومەن هەیە داوای یارمەتی لە پسپۆران بکات ئامادەی کۆبوونەوەکانی بن بە بێ ئەوەی مافی دەنگ دانیان هەبێت.



Scanned with CamScanner

**سێیەم :** ئەرکەکانی ئەنجومەنی کارگێری سندوق

ئەنجومونی کارگێری سندوق ئەم ئەرکانەی خوارەوەی پێ دەسپێردرێت:

أ. ئەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی سندوق.

ب. دانانی پلانی دارایی و کارگێری ورێکخستن و هونەری پێویست بۆ ئەنجام دانی چالاکیەکانی سندوق و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

ج. بەدوادەچوون بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەت وپلانەکانی سندوق.

د. پاراستنی سامانی سندوق و بەرێوەبردنی و وەبەرهێنانی بە پێی یاسا.

ه. ئامادەکردنی ژمێرکاری کۆتایی و راپۆرتی سالانەی سندوق ، تاوتۆکردنی وە بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەتی دارایی بۆ باوەر پێهێنانی.

و. دانانی پلان وبودجەی سالانەی سندوق وە روونکردنەوەی بەدیهاتووی.

ز. پێشنیاری هەموارکردن کە تایبەت بێت بە پەیکەری بەرێوەبردنی سندوق.

ح. پێشنیاری کردنەوەی لقەکانی سندوق لە پارێزگاکان.

**چوارەم :** بۆ ئەنجومەن هەیە بە شێك لە ئەکەکانی بسپێرێت بە بەرێوەبەری گشتی.

**پێنجەم :** دەست نیشان کردنی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن، نەسابی یاسایی کۆبونەوەکان وە چۆنیەتی بریاردان و راسپاردەکان بە سیستەمێکی ناوخۆیی رێك دەخرێن کە وەزیری دارایی دەری دەکات لە سەر پێشنیاری سەرۆکی دەستە.

**شەشەم :** بە بریاری وەزیری دارایی دەست نیشانی پاداشتەکانی ئەندامانی ئەنجومەن و شارەزایەکان دەکرێت.



Scanned with CamScanner

# داهاتەکانی سندوقی خانەنشینی

لە مادە (٩) ی ئەم یاسایە دا هاتوە

یەکەم :داهاتی سەندوقی خانەنشینی لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١- بری گلدانەوەی خانەنشینی کە مانگانە لەمووچەی فەرمانبەرانی دەولەت و راسپێردراوان بە خزمەتی گشتی ( بەرێژەی (١٠٪) لەمووچەی بنەڕەتی.( بەرای من برینی ١٠٪ لە مووچەی بنەرەتی زۆرە بۆ فەرمانبەران بە تایبەتی ئەگەر مووچەی بنەرەتی لە ٤٠٠٠٠٠ دینار بەرەو سەر بێت)

٢- بەشی دەولەت لەگلدانەوەی خانەنشینی کە برەکەی (١٥٪) لەمووچەی مانگانەی هەر فەرمانبەرێك.

٣- گلدانەوەی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خزمەتیان دەخەنە سەر خزمەتی خانەنشینی.

٤- ئەو برەی بەدەست دێت لە وە بەرهێنانی سندوقی خانەنشینی بۆ سەرمایەکەی.

٥- دیاری و یارمەتی وەزارەتی دارایی کە پێشکەشی سندوقی دەکات بۆ سندوقەکە.

٦- بری پێ بژاردن و رسم وەرگرتنی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەریان دەگرێت.

٧- ئەو مووچەی خانەنشینی کە لەپاش ٢٠٠٨/١/١ خەرج دەکرێ بەشێوەیەکی بەدەرلەم یاسایە دەبێ وەزارەتی دارایی سالانە بیداتەوە سندوقی خانەنشینی.

٨- دیاری و پاداشت لەلایەنانی تر کە دەبەخشرێتە سندوقەکە لە ناوەی عێراق یان لەدەرەوەی عێراق بە پێی یاسا.



Scanned with CamScanner

دووەم : ژمێرکاری سندوقەکە لە ژێر چاودێریی و پێداچوونەوەی دیوانی چاودێری دارایی دەبێت .

سێیەم : وەزارەتی دارایی هاوکاریەکی سالانە بۆ سندوقی خانەنشینی خەرج دەکات وە برەکەی دەست نیشان دەکرێت بە هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنی کارگێری سندوق و فەرمانگەی بودجە لە وەزارەتی دارایی بۆ پرکردنەوەی هەر تەنگەژەیەکی دارایی کە روو بەرووی سندوق دەبێتەوە.

# بەشی پێنجەم

# خانەنشین کردن

لە مادە (١٠) ی ئەم یاسایەدا هاتوە لەم دوو حاڵەتانەدا فەرمانبەر خانەنشین بکرێت:

یەکەم: ئەگەر تەمەنی (٦٣) ساڵی تەواو کرد کە تەمەنی یاسایی خانەنشین کردنە بە بێ رەچاوکردنی ماوەی خزمەتی ، ئەگەر لە یاسادا پێچەوانەی نەهاتبێ.

( لە یاسای راژەی زانکۆیی تەمەنی خانەنشینی مامۆستایانی زانک ٦٥ ساڵە وە هەتا ٧٠ ساڵیش دەکرێت درێژ بکرێتەوە (یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کراو.).بە رای من درێژ کردنەوەی تەمەنی خانەنشینی هۆکارەکانی لاوازن وە ئەگەر زانکۆ پێویست بە مامۆستا دوای تەمەنی ٦٣ ساڵ دەکرێت وەك وانە بێژ سوودی لە راژە و پسپۆریەکەی وەر بگیرێت ).

بۆ زیاتر چاورونی کردن لە خوارەوە تەمەنی خانەنشینی لە چەند وڵاتێکی دراوسێ و عەرەبی وئەوروپی وئاسیایی ، ئەمریکی ، ئەفریقی وەك نمونە دەخەینە روو.

تەمەنی خانەنشینی لە چەند وڵاتێکی جیهان لە خشتەی خوارە وەدا هاتووە:

| ژمارە | وڵات | پێشتر | | نوێ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پیاوان | ژنان | پیاوان | ژنان |
| 1 | ئێرلەندا | 65 | 65 | 66 | 66 |
| 2 | گواتیمالا | 62 | 62 | 65 | 65 |
| 3 | ئوستراليا | --- | 62 | --- | 65 |
| 4 | ئەرژەنتین | 62 | 60 | 65 | 65 |
| 5 | ئەلمانیا | 62 | 60 | 65 | 65 |
| 6 | کۆریای باشوو | 60 | 60 | 65 | 65 |
| 7 | نیوزلەندا | 60 | 60 | 65 | 65 |
| 8 | پیرۆ | 60 | 55 | 65 | 65 |
| 9 | کرۆواتیا | 62 | 57 | 65 | 60 |
| 10 | ئیتالیا | 60 | 55 | 65 | 60 |
| 11 | لوبنان | 60 | 55 | 64 | 64 |
| 12 | ئیستۆنیا | 60 | 55 | 63 | 58 |
| 13 | لیتوانیا | 61 | 57 | 62 | 62 |
| 14 | کۆستاریکا | 61 | 59 | 62 | 60 |
| 15 | چیك | 61 | 55 | 62 | 57 |
| 16 | پاناما | 60 | 55 | 62 | 57 |
| 17 | ئەسیۆبیا | 55 | 55 | 60 | 60 |
| 18 | ناجیریا | 55 | 55 | 60 | 60 |
| 19 | برۆندی | 55 | 55 | 60 | 60 |
| 20 | ئێران | 55 | 55 | 50 | 45 |

دووەم: ئەگەر لیژنەی پزیشکی تایبەتی فەرمی بریاری دا کە ئەو فەرمانبەرە بۆ خزمەت کردن سوودی لێ وەرناگیرێت.

## درێژکلدنەوەی ماوەی خزمەت دوای تەواو کردنی تەمەنی یاسایی :

لە مادە (١١) ی ئەم یاسایەدا هاتوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لە سەر پێشنیاری وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی ئەو لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار ماوەی خزمەتی فەرمانبەر درێژ بکرێتەوە بە مەرجێك لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت پاش تەواو کردنی تەمەنی یاسایی بۆ خانەنشین کردن لە گەڵ رەچاو کردنی پسپۆری نایاب یان جۆری فەرمانبەرایەتی (وەزیفە) یان پێویستی فەرمانگە دەبێت .

( بە رای من ئەمە خالێکە دەرگای واستەکردن دەکاتەوە زۆر کەس شایستەی درێژکردنەوەی ماوە نابن بەلام بۆیان دەکرێت ، عێراقی ئیستا عێراقی جاران نیە کادری پسپۆری کەم بێت لە وڵاتی عەرەبی و هند و بنگلادێش کادر بێنت لە

عێراق کار بکەن ئێمە لە عێراق هەزاران دەرچووی کۆلیج و پەیمانگامان هەن بێ کارن چاوەڕێی دامەزراندنن هەر فەرمانبەرێك کە پۆست و شارەزایی هەبێت دەبێت لە ماوەی خزمەتیدا کەسێکی تر یان چەند کەسانێك ئامادە بکات کە شوێنی ئەو بگرنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان وەك پێویست وە ئەمەش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی بەڕێوەبەر بە پێی پرانسپەکانی بەڕێوەبردن هەر وەك مامۆستا نعمەت شکرجی لە کتێبی ، المدخل الی الوظائف الاداریة ، باسی کردوە) .

لە مادەی (١٢) ئەم یاسایەدا هاتوە فەرمانبەر لەم حاڵەتانەی خوارەوە دا خانەنشین دەکرێت :

١- فەرمابەر دەتوانێت داوای خانەنشینی بکات ئەگەر تەمەنی (٥٠) ساڵ تەواو کردبێت وە خزمەتی خانەنشینی (فەرمانبەرایەتی کەبۆ خانەنشینی هەژمار بکرێت )لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت .

٢- فەرمانبەری ژن یان بێوەژن یان تەلاق دراو کە مناڵەکانی بە خێو دەکات دەتوانێت داوای خانەنشین بوون بکات بە پێ ی ئەم مەرجانەی خوارەوە :

أ. نابێت ماوەی خزمەتی خانەنشینی لە (١٥) ساڵ کەمتربێت.

ب. نابێت ژمارەی منداڵەکانی لە (٣) منداڵ کەمتربێت وە نابێت تەمەنیان لە (١٥) ساڵ زیاتر بێت.

ج. دەبێت خۆی تەرخان بکات بۆ چاودێری منداڵەکانی.

٣- وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بۆی هەیە فەرمانبەرانی کۆمپانیاکان یان فەرمانگەکانی کە داهات بۆ خۆیان دابین دەکەن ئەگەر هاتوو (٣ ) ساڵ لە دوای یەك زەرەریان کرد فەرمانبەرانی خانەنشین دەکرێت ئەگەر (١٥) ساڵ خزمەتیان هەبێت بە بێ رەچاوکردنی تەمەن.

٤- دەبێت وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان پارێزگار لە ماوەی ٤٥ رۆژدا ڕای خۆی لەسەر خانەنشین دەربرێت لە ڕۆژی

تۆمارکردنی داواکە لە نوسینگەی تایبەتیان بۆ خاڵی (١، ٢) لەم مادەیە، ئەگەر ڕای خۆی لەسەر دەرنەبڕێت دوای تەواو بوونی (٤٥) ڕۆژەکە فەرمانبەری داواکردوو بە خانەنشین بوو هەژمار دەکرێت وە شایستەی مافەکانی خانەنشین دەبێت کەلەم یاسایەدا بڕیاریان لەسەر دراوە.

مادە (١٣)

جیاکردنەوەی فەمانبەر (عزل) یان دەرکردنی (فصل) یان جێهێشتنی خزمەت یان دەست لەکار کێشانەوەی فەرمانبەران بێ بەش نابن لە مافی خانەنشینی ئەگەر تەمەنیان (٥٠) ساڵی تەواو کرد وە خزمەتی فەرمانبەرایەتیان لە (٢٠) ساڵ کەمتر نەبێت بەلاّم ئەم مافەیان بۆ خەرج ناکرێت هەتا تەمەنیان نەبێتە پەنجا ساڵ ئەگەر خزمەتیان (٢٠) ساڵیش هەبێت وە مووچەی حاڵەتەکان هەتا ٥٠ ساڵ بۆیان قەرەبووناکرێتەوە.

(ئەگەر مووچەی خانەنشینی شایستە ببن بۆ ڕێگری تەواو کردنی تەمەنی پەنجا ساڵ لە پێدانی مووچەی خانەنشینی وە تەواو کردنی ئەم تەمەنە من هیچ حیکمەتێك لەم کۆتەدا نابینم)

مادەی (١٤) دەسەڵاتی خانەنشینی فەرمانبەران

١- فەرمانبەری دامەزراو بە فەرمایشی کۆماری یان بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران یان فەرمانی سەرۆك وەزیران یان دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران چۆن دامەزراون بە هەمان شێوەش خانەنشین دەکرێن.

٢- گشت فەرمانبەرانی خاڵی یەکەم نایان گرێتەوە لەم مادەیە بە بڕیاری وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بەوەزارەت خانەنشین دەکرێت ئەگەر تەمەنی یاساییان تەواو کرد یان لەبەر هۆکاری باری تەندروستیان.

مادە (١٥) خانەنشین کردن فەرمانبەری نەخۆش

١- ئەگەر فەرمانبەر تووشی نەخۆشیەك بوو لە ماوەی خزمەتی دا کەوت پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن بێت یان نەخۆشیەکی کوشندەی بێ

چارەسەر وە لیژنەی پزیشكی بڕیاری دا كەبۆ كاركردن ناگونجێت بە شێوەی كۆتایی خانەنشین دەكرێت هەرچەند ماوەی خزمەتی بێت ( مەرج نیە ١٥ ساڵی تەواو كردبێت )

٢- ئەو فەرمانبەرەی لە خاڵی یەك ئاماژەی پێكراوە خزمەتی خانەنشینی بەرز دەكرێتەوە بۆ ١٥ ساڵ ئەگەر كەمتری هەبێت وە لە گڵدانەوەی خانەنشینی دەبوورێت وە مووچەی خانەنشینی بۆ تەرخان دەكرێت وە تەمەنی هەرچەندێك بێت .

٣- فەرمانبەرو فەرمانگە یان دەستە مافی تانە گرتنیان هەیە لە بڕیاری لیژنەی پزیشكی لەلای لیژنەی پزیشكی تێهەڵچوونەوە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگاداربونیان ( تبليغ بوونيان) بە بڕیاری لیژنە.

## خانەنشینی پێكانی كار

لە مادە (١٦) ئەم یاسایە چۆنیەتی دابین كردنی مووچەی خانەنشینی یان قەرەبووكردنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی كردووە كە تووشی پەكەوتەی دێن لە ئەنجامی پێكانی كار بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم/ ئەگەر پێكانی كار ببێتە هۆی پەكەوتنی لە كار بەرێژەی (٦٥٪) یان زیاتر وە ببێتە هۆی خانەنشین كردنی فەرمانبەر لێرەدا مووچەی خانەنشینی بەپێ مادەی (٢١) لەم یاسایەدا بۆی هەژمار دەكرێت:

$$\text{مووچەی خانەنشینی} = \text{كەلەكەبووی مووچەی مانگانەی} \times \frac{2.5}{100} \times \frac{\text{ژمارەی مانگانەی خزمەتی}}{12}$$

١

لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەم خالانەی خوارەوە :

أ. بەرزكردنوەی خزمەتی خانەنشینی بۆ (١٥) سال ئەگەر كەمتر نەبێت وە لەگلدانەوەی خانەنشینی دەبورێت بۆ زیادكردنی خزمەت .

ب. خستنە سەرمووچەی خانەنشینی بە ڕێژی ٣٥٪ لە دوا مووچەی بنەڕەتی کە لەکاتی خزمەتی دا وەر دەگرت ئەگەر ڕێژی پەکەوتنی (١٠٠٪) بێت

٭ ئەگەر مووچەی بنەڕەتی ٥٠٩٠٠٠ دینار بێت

٥٠٩٠٠ * ٣٥ ٪=١٧٨٥٠ دیناری دەخریتە سەر مووچەی خانە نشینی کە بەپێی هاوکیشەی سەرەوە بۆی دەردەچێت

ج. ئەگەر ڕێژی پەکەوتن لە نیوان ٦٥٪ هەتا کەمتر لە ١٠٠٪) بێت بەم هاوکیشەیەی خوارەوە دەخرێتە سەر خزمەتی .

دوا مووچەی بنەڕەتی ٭ڕێژی پەکەوتن٭٣٥٪

بۆ نموونە ئەگەر مووچەی بنەڕەتی ٥٠٩٠٠٠ دینار بێت وە ڕێژی پەکەوتنی ٧٥٪ بێت

٥٠٩٠٠٠ ٭ ١٠/٣٥٭٧٥/١٠٠= ١٣٣٦١٣ دیناری دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی ئاسایی کە بۆ گشت فەرمانبەران هەژمار دەکرێت.

دووەم / ئەگەر فەرمانبەر لە ماوەی خزمەتی دا دووجار تووشی پێکانی کارهات وە بەهەردوو جار پێکانی گەیشتە ڕێژی (٦٥٪) مووچەی خانەنشینی بەپێ مادە (٢١) لەم یاسایە هەژمار دەکرێت بە ڕەچاو کردنی حوکمەکانی برگەی (١) لەم مادەیە دا

سێ یەم/ئەگەر پێکانی کا بووە هۆی مردنی فەرمانبەر ،مووچەی خانەنشینی بەپێ مادەی (٢١) هەژمار دەکرێت لەگەل حوکمی برگەی (١) لەم مادەیە وە هەر چەند ماوەی خزمەتی بێت .

کۆ مووچەی دەبێتە مووچەی خانەنشینی ئاسایی + مووچەی پێکانی کار بە ڕێژەی ٣٥ ٪ لە دوا مووچەی بنەڕەتی پێش کۆچی دوای کردنی.

چوارەم / ئەو فەرمانبەرانەی ئەم مادەیە دەیان گرێتەوە وە پاداشتی پەک کوتن وەردەگرن بۆ یەك جار بەپێی ئەم هاوکیشەی خوارەوە:

پاداشتی پەکەوتن = دوا مووچەی بنەرەتی ×١٢×ڕێژی پەکەوتن

ئەگەر فەرمانبەر دوا مووچەی بنەرەتی ٥٠٩٠٠٠ دینار بێت وە ڕێژی پەك کەوتنی ٧٥٪

پاداشتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

پاداشتی پەکەوتن = ٥٠٩٠٠٠ × ١٢ × ٧٥ / ١٠٠

= ٤٥٨١٠٠٠ دینار پاداشتی پەکەوتن( چوار ملیون و پینج سەدو هەشتاو یەك هەزار دینار)

پێنجەم/ دەبێت فەرمانگەی فەرمانبەر پەراوەکانی لیکۆلینەوە وبریاری لیژنەی پزیشکی بنێریتە دەستە ئەگەر فەرمانبەر پیکراو یان خانەوادەکەی داوای برینەوەی مووچەی خانەنشینی بکەن .

# بەشی شەشەم

# گلدانەوەی خانەنشینی و خزمەتی

لە مادە (١٧) دەست نیشانی گلدانەوەی خانەنشینی( التوقيفات التقاعديە) کردوە بەم شیوەیەی خوارەوە:

یەکەم :مانگانە (٢٥٪) لە مووچەی بنەرەتی فەرمانبەر دەبرێت بۆ گلدانەوەی خانە نشینی بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ-(١٠٪) لە مووچەی فەرمانبەر راستەوخۆ دەبرێت (فەرمانبەر دەی دات)

ب - (١٥٪) خەزینەی دەوڵەت لەجیاتی فەرمانبەر دەی دات.

دووەم : فەرمانگەی ژمیرکاری لە وەزارەتی دارایی هەڵ دەستێت بە برینی بەشی فەرمانبەر لە گلدانەوەی خانەنشینی مانگانە لە کاتی رەوانەکردنی مووچەی فەرمانبەران وە بەشی حکومەتیشی دەخاتە سەر (کۆی دەبێتە (٢٥٪) وە دیخاتە سەر حیسابی سەندوقی خانەنشینی

سێ یەم: دەبێت فەرمانگەکان و کۆمپانیاکانی کە بۆ خۆیان داهات پەیدادەکەن (خۆیان بە خێودەکەن ) گلدانەوەی خانەنشینی ببرن لە مووچەی فەرمانبەرانیان کە لە برگەی (١) لەم مادەیە هاتووە وە بیخەنە سەر حیسابی سندوقی خانەنشینی مانگانە وە ئەگەر دوایان خست

پێ بژاردن (غرامە) دەکرێن بەرێژی (٣٪) لەو برەی کە لایان ماوەتەوە (نەیان داوە )،فەرمانگە یان کۆمپانیا بەپابەند نەبوو هەژمار دەکرێت ئەگەر رێگریان

کرد لە پێدانی گلدانەوەی خانەنشینی بۆ سندوقەکە لەماوەی (٦) مانگ زیاتر لە بەرواری شایستەبوون.

## خزمەتی خانەنشینی

ئەم خزمەتانەی خوارەوە بە خزمەتی خانەنشینی هەژمار دەکرێن هەر وەك لە مادەی (١٨) لەم یاسایەدا هاتوون:

یەکەم : ئەم خزمەتانەی خوارەوە بە خزمەتی خانەنشینی هەژمار دەکرێن:

أ. ماوەی خزمەتی فەرمانبەر لە دام ودەزگاکانی دەوڵەت کە گلدانەوەی خانەنشینی لێ وەرگیرابێت.

ب. ماوەی مانەوەی فەرمانبەر لە دەرەوەی خزمەتی هەژمارکراو بە پێی یاسای دەرکراوە سیاسیەکانی ژمار (٢٤) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ پاش ئەوەی گڵدانەوەی خانەنشینیان بە پێی حوکمەکانی برگەی (یەکەم) لە مادەی (١٧)ی ئەم یاسایە لێ وەردەگیرێت لە سەر بنەمای مووچەی لانی کەمی بروانامەیان لە رۆژی گەرەندنەوەیان بۆ خزمەت وە لە سەر وەزارەتی داراییە پارەی پێویست تەرخان بکات لە بودجەی گشتی فیدرالی بۆ ئەم مەبەستە.

ج. :

١. ماوەی خزمەتی سەربازی ، ماوەی جموجۆلی کرداری (الحرکات الفعلیە) ،ماوەی ئەو خزمەتەی کە هەژمار دەکرێت بە پێی حوکمەکانی دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی هەلوەشاوە ژمارە (٩١) بۆ ساڵی ٢٠٠٤ وە ماوەی خزمەتی کارمەندان لە فەرمانگەو دەزگاکان ووەزارەتەکانی هەرێمەکان بۆ خانەنشینی هەژمار دەکرێت لە ماوەی خزمەت کردنیان لە فەرمانگەو دەزگاو وەزارەتەکانی دەوڵەتی فیدرالی وە دەبێت گلدانەوەی خانەنشینیان لێ وەربگیرێت بۆ گشت ساڵەکانی بە خزمەت هەژمار کراو وە دەبێت فەرمانگەو دەزگاکان و

وەزارەتـەکانی هەرێمـەکان بـە هـەمان شـێوەی فەرمانگـەو دەزگـاو وەزارەتەکانی دەولەتی فیدرالی هەلس وکەوت بکەن.

٢. ماوەی خوێندنی زانکۆی سەرەتایی وبالا لەکۆلیژی سەربازی وپۆلیس و هێـزی نـاوخۆ کەلەئـەنجامی دا سـەرکەوتو بـوو بـە بەدەسـت هێنـانی بروانامە پێش ئەوەی پەیوەندی بە خزمـەت کـردن بکات بەخزمـەت ئەژمار دەکرێت بە مەرجێك لە نیوەی خزمەتی سەربازیی یان هێزی ناوخۆ تێپەر نەکات.

٣. گلدانـەوەی خانەنشینیان لـێ وەردەگیرێـت بـۆ هـەژمار کردنـی ئـەو ماوانـە لـە برگـەکانی(١ ، ٢) کـە لەسـەرەوە هـاتوون لـە سـەر بنـەمای مووچەی پلەی فەرمانبەرایەتی یان پلەی (الرتبە) سەربازی کە پێـی دامـەزراوە هـەر وەك لـە خشـتەی مووچـەی فەرمانبـەرانی دەولـەت وکەرتی گشتی هاتووە کە هاوپێچی یاسای ژمـارە (٢٢) ی سالی ٢٠٠٨ ی هـەموارکراو وە بەشـی دەولـەت لـە گلدانـەوەی خانەنشـینیان لـێ وەرناگیرێت.

د. مـاوەی مۆلـەتی ئاسایی پاشـەکەوت کـراو کـە لـە (١٨٠) رۆژ زیـاتر بێت بـە خزمەت هەژمار دەکرێت وە گلدانەوەی خانەنشینی لێ وەر ناگیرێت.

هـ. مـاوەی کـارکردن لـە پیشـەی پـارێزەری کـە بـەپێی یاسـای کـاری پیشـەی پارێزەری ژمارە (٦٥) سالی ٢٠٠٧ بریاری لـە سـەردراوە. مـاوەی کـارکردن لـە پیشەی رۆژنامەوانی کـە بـە پێـی یاسای مافـەکانی رۆژنامەنووسـانی ژمـارە (٢١) سالی ٢٠١١ . ماوەی خۆ ترخانکردنی کشت وکالی کە دەبێت گلدانـەوەی خانەنشـینی بـە رێـژەی (١٠٪) لـە مووچـەی مانگانـەیان لـە بـەرواری دامەزراندنیان یان بوونیان بە ئەندام لە سـەندیکا ، وە نابێت گلدانـەوەیان لێ وەر بگیرێت ئەگەر هاتوو سندوقی خانەنشـینی سـەندیکا یان پیشـەکان لێیانی وەرگرتبێت لەم حالەتەدا دەبێت سەندیکا یان لایەنەکانی پەیوەنـدار

بدەنە سندوقى خانەنشينى لە دەستەى گشتى خانەنشينى .

گلدانـەوەى خانەنشـينى بـۆ مـاوەى هـەژماركراو بـە خزمـەت بـە تـەواوەتى

و. مـاوەى گريبەسـت كردنـى فەرمانبـەرى كـاتى لـە گـەڵ دەوڵـەت لـە دواى ٢٠٠٣/٤/٩ وە دەبێت گلدانەوەى خانەنشينى لىَ وەربگيرێت بە رێژەى(١٠٪) ى كرێى مانگانەى ،وە دەبێت فەرمانگەكەشى گلدانـەوەى خانەنشينى بە رێژەى (١٥٪) ى كرێى مانگانەى بۆى بدات.

ز. ماوەى مانەوە لە خزمەت دواى تەواوكردنى تەمەنى ياسايى خانەنشينى كە بە پێى حوكمەكانى مادەى (١٠) لەم ياسايەدا درێژ كراوەتەوە.

دووەم:

أ. هـەر فەرمانبـەرێك دامـەزرا يـان دووبـارە دامـەزراوە دەبێت داوا بكات بۆ هـەژماركردنى خزمـەتى پێشووى لـە فەرمانگـەكانى دەوڵـەت پـێش جێ بەجێ كردنى ئەم ياسايە ، دەبێت گلدانـەوەى خانەنشينى بۆ بدات ئەگەر پێشوو نەى دابێت.

ب. دەبێت گلدانەوەى خانەنشينى بدات كە لە برگەى (أ) لە /دووەم/ هاتووە بە پێى حوكمەكانى ئەم ياسايەلە سەر بنەماى مووچەى فەرمانبەر لە كاتى دامەزراندنى يان دووبارە دامەزراندنى.

**مادەى (١٩)**

يەكەم / ئەگەر راژەى فەرمانبەر خواسترا بۆ لايەنێكى عێراقى نەبێت يان بۆ دەرەوەى ميلاكـى دەوڵـەت وە مووچـەكەى لـە لايـەنى خواسـتراو (سـوود مەنـد) وەردەگـرت دەبێـت ئـەو لايەنـە گلدانـەوەى خانەنشـينى لـە مووچـەى فەرمانبـەر وەربگرێت بـە پێـى حوكمـەكانى ئـەم ياسايە وە لـە سـەر فەرمانبـەرى خواسـتراوە بەشى خۆى وبەشى لايەنى خواستراو( سوود مەند) لـە گلدانـەوەى خانەنشينى بە پێى حوكمەكانى ئەم ياسايە بدات بۆ ئەوەى ماوەكەى بۆ بە خزمەتى خانەنشينى هەژمار بكرێت.



Scanned with CamScanner

دووەم: ئـەو فەرمانبەرانـەی خزمـەتی فەرمانبەرایـەتیان جێهێشـتووە یـان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە یان خانەنشین کراون وە هیچ مافێکیان وەر نەگرتووە لـە سـەر خزمەتەکـەیان ، دەتـوانن خزمـەت کردنیـان لـە دەولـەت بخەنـە سـەر خزمـەتی داهاتوویـان لـە کـەرتی تایبـەت ، دەسـتەی خانەنشینی هەڵدەسـتێت بـە ناردنی پوختەی خزمەتیان بۆ فەرمانگەی بیمەکردن وخانەنشینی کرێکاران وە گلدانەوەی خانەنشینی کە لێیان وەرگیرابوو بەشی خۆیان وبەشی دەوڵەت دەدرێتە فەرمانگەی بیمەکردن وخانەنشینی کرێکاران.

سێیەم: ئەو فەرمانبەرانەی خزمـەتی بیمە کراویان هەیـە لـە کـەرتی تایبـەت بۆیان هەیە داوا بکەن خزمەتەکەیان لە کەرتی تایبەت کە هیچ مافێکیان لـە سـەر وەرنەگرتووە بیخەنە سەر خزمەتی فەرمانبەرایەتی لـە فـەمانگاکانی دەولـەت بـە مەرجێك لە نیوەی خزمەتکردنیان لە دەولەت زیاتر نەبێت . لە سەر فەرمانگەی بیمەکردن وخانەنشینی کرێکاران بوختـەی خزمـەت و پارەی بەشداری کردنیـان بەشی خۆیان وبەشی خاوەن کار ڕەوانـەی دەسـتەی خانەنشینی بکات وە لـە سـەر فەرمانبەرە جیاوازی نێوان گلدانەوەی خانەنشینی وبەشداری بیمـەکردنی کـەرتی تایبەتی بداتە دەستەی خانەنشینی لە سەر بنەمای مووچەی مانگانەی لەو ڕۆژەی کە داوای خستنە سەر خزمەتی پێشکەش کردووە.

چـوارەم: لـە سـەر فەرمانبـەرە یـان خانەنشین کـراو کـە داوای خسـتنە سـەر خزمەت دەکات گلدانەوەی خانەنشین بەشی خۆی وبەشداری دەوڵەت بـدات ئەگـەر نەتوانرابێت بدرابێت.(بە رای من ئەمە خالێکی روون نیە ئایا دەوڵەت نەیتوانیوە بیدات یان فەرمانبەر وە هۆکاری نەدانەکەی چی بووە)

پێنجـەم: دەکرێـت فەرمانبـەر داوا بکـات ئـەو گلدانـەوەی کـە دەبێـت بیداتـە دەستەی خانەنشینی لە بری خستنە سەر خزمـەت بـۆ بکرێتـە قیستی مانگانـەی یەکسـان کـە چـوارەکی (٤/١) مووچـەکەی بێـت وە (٣٪) لـە کـۆی گلدانـەوەی خانەنشینیەکەی بخرێتە سەر . دەبێت ئەم پارەیە فەرمانبـەر لـە مـاوەی (٥) سـاڵ بیداتەوە لە دەرچوونی بریاری دەستە بە هەژمارکردنی خزمەتی

( بەرای من نابێت سوو ( فائدە) لە فەرمانبەر وەر بگیرێت لە رووی ئاینی پیرۆزی ئیسلام حەرامە)

## ئەو خزمەتانەی بە خزمەت هەژمار ناکرێن بۆ خانەنشینی

لە مادە (٢٠) ی ئەم یاسایەدا هاتووە :

یەکەم : ئەم خزمەتانەی خوارەوە بە خزمەتی خانەنشینی هەژمار ناکرێت بە مەبەستی ئەم یاسایە:

أ. هەر ماوەیەك لە خزمەت گلدانەوەی خانەنشینی لە سەر نەدابێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ب. ماوەی دابران ونەهاتن بۆ دەوام بە بێ پاساو ، مۆڵەتی بێ مووچە ، ماوەکانی لە دوای ئەوەی کە حوکمەکانی سزادان پلەی کۆتای وەردەگرن کە رێگا نادەن فەرمانبەر لە خزمەت کردن بمێنێتەوە.

ج. ماوەی راگرتن (التوقیف) کە بەشێك بێت لە گرتن یان بەند کردن.

د. خزمەت کردن پێش تەمەنی (١٨)ساڵی بەخزمەت هەژمار ناکرێت بۆ خانەنشین کردن ئەگەر یاسایەك رێگر نەبێت.

ه. ماوەی مانەوە لە خزمەت دوای تەواو کردنی تەمەنی یاسایی بۆ خانەنشین کردن کە لە برگەی (یەکەم) لە مادەی (١١) لە یاسایەدا هاتوە.

دووەم : ماوەی مۆڵەتی بە نیوە مووچەو دەست کێشانەوە لە کار (سحب الید) بە نیوە ماوە هەژمار دەکرێن بۆ خزمەتی خانەنشینی.

سێیەم: دەستەی بۆی نی هیچ خزمەتێك وەربگرێت وە هەژماری بکات بۆ خانەنشینی ئەگەر بە بەلگەو دۆکیومێنی فەرمی سەلمێنراو نەبێت.

# بەشی حەوتەم

## دابین کردنی مافی خانەنشینی وهەژمارکردنی

لە مادە(٢١) دا هاتووە:

یەکەم: ئەو فەرمانبەرەی خانەنشین دەکرێت شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت ئەگەر ماوەی خزمەتی خانەنشینی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت وە مووچە خانەنشینیەکەی بۆ خەرج ناکرێت هەتا تەمەنی (٥٠) ساڵ تەواو دەکات وە بۆی قەرەبوو ناکرێتەوە مووچەکانی پێش تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) سالی تەمەنی لە حالەتەکانی مردن یان شەهید بوون یان خانەنشینی لە بەر تێکچوونی باری تەندروستی یان خانەنشین کردن بە پێی حوکمەکانی برگە(٢) لە مادەی (١١) (دریژ کردنەوەی تەمەنیی یاسایی ) لەم یاسایە.

دووەم: مووچەی خانەنشینی بەم هاوکێشەیەی خوارەوە هەژمار دەکرێت:

کەلەکەبووی مووچەی مانگانە جارانی ژمارەی سالانی خزمەتی خانەنشینی جاران رێژەی کەلەکەبوو ٢.٥٪ (مووچەی خانەنشینی= کەڵەکەبووی مووچەی مانگانەی × ژمارەی مانگانی خزمەتی / ١٢

کەڵەکەبووی مووچەی مانگانەی=مووچەی بنەڕەتی(٣٦) مانگ پێش بەرواری خانەنشین کردنی ÷٣٦

سێیەم : ماوەی خزمەت کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت بە یەك ساڵ هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بەڵام ئەگەر لە شەش مانگ کەمتر بوو هەژمار ناکرێت .

چوارەم : دوای هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو دەکرێن

١ - کەمترین مووچەی خانەنشینی (٤٠٠٠٠٠ ) دینار دەبێت لەگەڵ دەرماڵەکانی ناو مووچەکەی.

ب - کەمترین مووچەی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرەیکە تەمەنی (٦٣ ) ساڵی تەواو کردووە یان لەبەر باری تەندروستی خانەنشین کراوە وە دوو کەس یا زیاتر بەخێو دەکات لە ئەندامانی خێزانی کەمترین مووچەی ٤٦٠٠٠٠ دینار دەبێت بە دەرماڵەکانیشیەوە.

**نمونەی پر اکتیکی لە سەر یاسایەکە**

بۆ نموونە:فەرمانبەرێك مووچەی بنەڕەتی١١٢٨٠٠٠ دیناربوو، کەشایستەبوو لە ٢٠١٤/١/١وەلە ٢٠١٤/١/١خانەنشین کرا کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی بەم شێوەیەی خوارەوەبۆ دەدۆزینەوە

| | | |
|---|---|---|
| ساڵی ٢٠١٤ | ١١٢٨٠٠٠ × ١ | ١١٢٨٠٠٠= |
| ساڵی ٢٠١٣ | ١١٠٨٠٠٠ ×١٢ | ١٣٢٩٦٠٠٠ = |
| ساڵی ٢٠١٢ | ١٠٨٨٠٠٠ × ١٢ | ١٣٠٥٦٠٠٠ = |
| ساڵی ٢٠١١ | ١٠٦٨٠٠٠ × ١١ | ١١٧٤٨٠٠٠ = |
| | ٣٦ | ٣٩٢٢٨ |

٣٩٢٢٨٠٠٠= ÷٣٦ = ١٠٨٩٦٦٦ دینار

ئەگەر ماوەی خزمەتی ئەم فەرمانبەرە ٣٣ ساڵ و ٧ مانگ بێت مووچەکەی بەم شێوەیە دەردەچێت

ژمارەی مانگانەی خزمەتی = ٣٣ ×١٢=٣٩٦+٧=٤٠٣

مووچەی خانەنشینی = ١٠٨٩٦٦٦ × $\frac{٢,٥}{١٠٠}$ × $\frac{٤٠٣}{١٢}$

= ٩١٤٨٦٥ دینار



Scanned with CamScanner

+دەرماڵەی بارای ژیان

٣٤×١ = ٣٤٪

٩١٤٨٦٥ × ٣٤ = ٣١١٠٥٦ دینار
١٠٠

+دەرماڵەی بروانامەی (بکالۆریۆس) ١٠٪

٩١٤٨٦٥ × ١٠ = ٩١٤٨٦ دینار
١٠٠

کۆی مووچەی

= ٩١٤٨٦+٣١١٠٥٤+٩١٤٨٦٥

= ١٣١٧٤٠٥ دینار مووچەی خانەنشینی

دەرماڵەی باری ژیان بۆ هەر فەرمانبەرێك زیلد دەکرێت بە ڕێژەی ١٪ بۆ هەر ساڵێکی خزمەت لە مووچەی خانەنشینی بە پێ ی هاوکێشەی سەرەوە

---

دەرماڵەی بروانامە ئەم دەرماڵەیە بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت لە مووچەی خانەنشینی بە پێ ی هاوکێشەی سەرەوە

بڕوانامەی دبلۆم و دبلۆمی تەکنیکی ٥٪

بڕوانامەی بکالوریۆس ١٠ ٪

بڕوانامەی دبۆمی باڵاو ماجستیر ١٥٪

بڕوانامەی دکتۆراو هاوتاکانی ٢٠٪

## پاداشتی کۆی خزمەت:

ئەو برە پارەیە کە دەدرێتە فەرمانبەری خانەنشین کراو لەدوای خانەنشین کردنی راستەوخۆ بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە تەمەنی یاساییان تەواو کردووە یان لەبەر باری تەندروستی یا ٣٠ ساڵ خزمەتیان هەیە

پاداشت=کۆمووچەی مانگی کۆتایی خزمەتی لەگەڵ دەرماڵەمان ×١٢

بۆ نموونە :کۆمووچەی مانگانەی ١٦٨٠٠٠٠ دینار بوو

=١٦٨٠٠٠٠ ×١٢=٢٠١٦٠٠٠٠ دینار وەردەگرێت

---

پاداشتی خانەنشینی بۆ ئەوانەی ١٥ ساڵ خزمەتیان کەمترە و مووچەی براوەیان ناوێت

پاداشتی خانەنشینی = دوا مووچەی بنەڕەتی × ٢ × ژمارەی ساڵانی خزمەت

بۆ نمونە فەرمانبەرێك خانەنشین کرا دوا مووچەی بنەڕەتی ٦٢١٠٠٠ دینار بوو وە ٨ ساڵ خزمەتی هەبوو

پاداشتی خانەنشینی = ٦٢١٠٠٠ × ٢× ٨

= ٩٩٣٦٠٠٠ دینار وەردەگرێت

---

پێنجەم :نابێت مووچەی خانەنشینی هیچ فەرمانبەرێك لە ١٠٠٪ مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرایەتی زیاتر بێت ئەگەر یاسایەك نەبێت پێچەوانەی ئەمە.

شەشەم : کۆژمەی براوە (دیاریکراو ) المبلغ المقطوع

بەدەر لە حوکمەکانی رگەی (یەکەم) لەم مادەیە ئەو فەرمانبەرانەی خانەنشین دەکرێن بە هۆی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی (٦٣) ساڵ وە ماوەی خزمەتی خانەنشینیان لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێت وە لە ١٥ ساڵ کەمترە شایستەی مووچەی خانەنشینی نابن سەر پشك دەکرێن بۆ یەك جار لە نێوان وەرگرتنی

پاداشتی خانەنشینی یان مووچەیەکی براوەیان پێ بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەگەر ماوەی خزمەتی خانەنشینی لە١٠ ساڵ کەمتر نەبێت
بری ١٥٠٠٠٠ دینار مانگانەی بۆ دەبرێتەوە.
ئەگەر ماوەی خزمەتی خانەنشینی لە ١١ ساڵ کەمتر نەبێت
بری ٢٠٠٠٠٠ دینار مانگانەی بۆ دەبرێتەوە.
ئەگەر ماوەی خزمەتی خانەنشینی لە١٢ ساڵ کەمتر نەبێت
بری ٢٥٠٠٠٠ دینار مانگانەی بۆ دەبرێتەوە.
ئەگەر ماوەی خزمەتی خانەنشینی لە ١٣ ساڵ کەمتر نەبێت
بری ٣٠٠٠٠٠ دینار مانگانەی بۆ دەبرێتەوە.
ئەگەر ماوەی خزمەتی خانەنشینی لە ١٤ ساڵ کەمتر نەبێت
بری ٣٥٠٠٠٠ دینار مانگانەی بۆ دەبرێتەوە.

حەوتەم: ئەگەر فەرمانبەر کۆچی دوای کرد وە حوکمەکانی مادەی (١٣/ یەکەم و١٣ ی دەگرتەوە لەم یاسایەدا پاش پەیوەندی بە خزمەت کردن وە خزمەتی خانەنشینی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبوو مووچەی خانەنشینی بۆ جێماوە شایستە بووەکانی خەرج دەکرێت لە بەرواری کۆچی دوای کردنی (مردنی) هەتا ئەگەر پێش تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) ساڵی کۆچی دوای کرد.

هەشتەم: بۆ فەرمانبەر و جێماوەکانی هەیە لە حالەتی شەهید بوونی یان پێکانی سەر پشك بکرێن کامەیان هەڵبژاردن بۆ هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینیان بە پێی ئەم یاسایە یان یاسایەکی تر کە ماڤ باشتریان بۆ دابین بکات .

نۆیەم : هەر فەرمانبەرێك خانەنشین بکرێت لە بەر تەواوکردنی تەمەنی یاسایی یان لە سەر داوای خۆی یان لە بەر هۆکارەکانی باری تەندروستی وە

خزمـەتی خانەنشینی لـە (٣٠) ساڵ کـەمتر نـەبێت پاداشـتی کۆتـای خزمـەتی بـۆ خەرج بکرێت کە بە پێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە هەژمار دەکرێت:

پاداشتی کۆتای خزمەت = تەواوی کۆتا مووچەی بە دەرماڵەکانیشەوە X ١٢

بۆ نمونـە فەرمانبـەرێکی خانەنشین کـراو دوا مووچـەی مانگانـەی (١٧٣٠٠٠٠ ) دینار بوو پاداشتەکەی دەکاتە

١٧٣٠٠٠٠*١٢ = ٢٠٧٦٠٠٠٠ دینار

( لێرەدا پاداشت دیار نەکراوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی خزمـەتیان لـە (٣٠) ساڵ کەمترە وە دەکرێت بگەڕێینەوە یاسای پێشوو بۆ خەرج کردنی پاداشتی (١٨٠) رۆژ لە سەر بنەمای دوا مووچەی بنەڕەتی)

دەیـەم : أ – خزمـەتی خانەنشینی هـەژمار دەکرێـت بـۆ کارمەنـدانی سـوپای عێراقـی پێشـوو وە دەزگاکـانی هەڵوەشـاوە (الکیانـات المنحلـه) کـە خزمـەتی خانەنشینیان لە (١٥) ساڵ کـەمتر نـەبێت بـە پێـی ئـەو یاسایانەی کار پێکراو لـە بەرواری هەڵوەشانەوەیان دا .

ب – حوکمەکانی برگەی (أ) ئەو کەسانەش دەگرێتـەوە کە بڕیـاری دەسـەڵاتی کـاتی هاوپـەیمانانی ژمـارە (٩١) سـاڵی ٢٠٠٤ (ڕێکخسـتنی هێـزی چـەکدارو میلیشیایەکان لـە عێـراق) دەیـان گرێتـەوە وە نـە گـەڕاونەتـەوە خزمـەتی دەوڵـەت پاش ٢٠٠٤/٤/٩ .

یازدەم : نابێت خانەنشین کراو زیاتر لە مووچەیەکی خانەنشینی وەر بگرێت کە شایستەیان دەبێت وە سەرپشک دەکرێت بۆ یەك جار باشترین مووچە بۆ خۆی هەڵبژێرێت .

**مادە (٢٢) پاداشتی خانەنشینی**

یەکەم : أ – ئەو فەرمانبەری خزمەتی خانەنشینی لە (١٥) سالْ کەمترە شایستەی پاداشتی خانەنشینی دەبێت بە پێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بۆی هەژمار دەکرێت :

پاداشتی خانەنشینی = دوا موچەی بنەرەتی لە خزمەتی خانەنشینی X ٢ X ژمارەی سالانی خزمەتی

بۆ نمونە : فەرمانبەرێك خانەنشین کرا وە ماوەی خزمەتی خانەنشینی (٨) سالْ بوو وە دوا مووچەی بنەرەتی (٤٥٠٠٠٠) دینار بوو بۆ ئەو مانگەی کە تیایدا خانەنشین کرا

پاداشتی خانەنشینی = دوا موچەی بنەرەتی لە خزمەتی خانەنشینی X ٢ X ژمارەی سالانی خزمەتی

= ٤٥٠٠٠٠ X ٢ X ٨

=٧٢٠٠٠٠٠ دینار

ب – شکاوەی سالی خزمەت ئەگەر لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت بە سالێکی تەواو هەژمار دەکرێت بە مەبەستی هەژمارکردنی پاداشتی خانەنشینی. ( ئەگەر لە شەش مانگ کەمتر بێت لە فەرمانبەر دەروات بۆ هیچ شتێك هەژمار ناکرێت).

دووەم : ئەگەر فەرمانبەر پاداشتی خانەنشینی وەرگرت مافی نامێنێت هیچ خزمەتێك بخاتە سەر خزمەتی خانەنشینی وە ماف دەسوتێت بەلام لە کاتی دووبارە دامەزراندنەوەی دەتوانێت خزمەت بخاتە سەر خزمەتی ئەگەر هەیبێت.

سێیەم :حوکمەکانی ئەم مادەیە کارمەندانی سوپای عێراقی پێشوو وە دەزگاکانی هەلوەشاوە ( الکیانات المنحلە) کە خزمەتی خانەنشینیان لە (١٥) سالْ کەمترە وە پاداشتەکە لە سەر بنەمای مووچەی لانی کەمی پلە فەرمانبەرایەتی یان پلەی سەربازی کە لە خشتەی مووچەی فەرمانبەران کارپێکراودا هاتووە لە بەرواری خەرج کردنی پاداشتەکە.



Scanned with CamScanner

# مافی ژنان لە یاسا کە دا

لەبڕگەی ٢/١٢ لە یاسادا هاتووە فەرمانبەری ژنانی هاوسەر دار یان بێوە ژن یان تەڵاق دراو کە مناڵەکانیان بە خێو دەکەن مافی داوای خانەنیشینیان هەیە بە (٣) کە لە خوارەوە هاتوون :

١. ماوەی خزمەتی لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت
٢. ژمارەی منداڵەکانی لە ٣ کەمتر نەبێت وە تەمەنیان لە (١٥) زیاتر نەبێت
٣. دەبێت خۆی تەرخان بکات بۆ بە خێوکردنی مناڵەکانیان .



Scanned with CamScanner

# بەشی هەشتەم

## دووبارە دامەزراندنەوەی خانەنشین کراو

### دووبارە دامەزراندنی خانەنشین کراوەکان

لە مادەکانی (٢٣ و ٢٤) لەم یاسایەدا هاتوە:

ئەو فەرمانبەرەی کەتەمەنی یاسایی تەواو نەکردووە وە خانەنشین کراوە مافی هەیە دووبارە دابمەزرێتەوە لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت یان ئەو فەرمانبەرانەی دوای تەواو کردنی تەمەنی یاسایی بەگرێ بەست دادەمەزرێنەوە لە دام ودەزگاکانی دەوڵەت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. ئەگەر فەرمانبەر دووبارە دامەزراوە وە پادشتی خانەنشینی وەرگرتبوو بەپێی هەر یاسایەکی خانەنشینی لە فەرمانبەرایەتیەك کە بۆ خانەنشینی هەژمار دەکرێت بە پێی ئەم یاسایە پاش ئەوەی پاداشتەکە دەگەرێنێتەوە ، هەروەها دەبێت جیاوازی گلدانەوەی خانەنشینی بدات کە هەژمار دەکرێت بە پێی بنەمای ئەو مووچە بنەرەتیەی کە وەری دەگرێت لە بەرواری پێشکەش کردنی داوای خستنە سەر خزمەت .

٢. ئەگەر بریار درا پاداشتی خانەنشینی لە فەرمانبەر وەربگیرێتەوە هەر وەك لە برگەی (١) لەم مادەیەدا هاتووە بە شێوەی قیستی مانگانەی یەکسان دەبێت بە رێژەی یەك لەسەر پێنج



Scanned with CamScanner

١/٥ لە مووچەى مانگانەى لە گەلّ خستنە سەرى (٣٪) بە مەرجێك بە (٥)سالّ كۆى قستەكان بداتەوە لە دەرچوونى بريارى دەستە بە قيست كردنى وەرگرتنەوەى پاداشتەكە.

٣. ئەگەر هاتوو فەرمانبەر دووبارە دامەزراوە يان دووبارە خانەنشين كردنى كۆچى دوايى كرد پێش ئەوەى هەموو پادشتەكە بگەرِێنێتەوە سندوقى خانەنشين كردن لە مووچەى خانەنشينى يان مووچەى خانەنشينى جێماوەكانى بە رێژەى (١/٥) لە مووچەى خانەنشينى يان لە پاداشتى شايستە بوو بە پێى ئەم ياسايە.

ماده ( ٢٤ )

يەكەم:

أ. مووچەى خانەنشينى دەبردرێت ئەگەر هاتوو فەرمانبەرى خانەنشينكراو دوو بارە دامەزراوە وە خانەنشين كراوى دووبارە دامەزراوە مووچەى فەرمانبەرايەتى يان پاداشتى مانگانە يان دەرمالّەى فەرمانبەرايەتى وەربگرێت لەو فەرمانبەرايەتيەى دووبارە پێى دامەزراوە مووچەى خانەنشينى دەبرێت وە نابێت هەردووكيان كۆ بكاتەوە وە لە سەريەتى يەكيان هەلّبژێرێت وە دەكرێت مووچەى خانەنشينى هەلّبژێرێت لەگەلّ مانەوەى لە فەرمانبەرايەتى بێ ئەوەى مووچەى فەرمانبەرايەتى يان دەرمالّەى فەرمانبەرايەتى يان پاداشتى مانگانە وەر بگرێت .

ب. دەبێت خانەنشين كراو يان ئەو فەرمانگەيەى كە دووبارە دايمەزراندۆتەوە ئاگادارى دەستەى خانەنشينى بكاتەوە لە ماوەى (٩٠) رۆژ لە رۆژى دەست بەكاربوونى وە بە پێچەوانەشى (٣٪) لە مووچەى خانەنشينى پێبژاردنى لە سەر دەسەپێندرێت بۆ هەر مانگێك لە دواكەوتن ئەگەر لە سالّى يەكەم ئاگادارى دەستە نەكاتەوە ، پێبژاردنەكە دوو بەرابەر دەكرێتەوە ئەگەر لە پاش سالّێك ئاگادارى دەستە بكاتەوە.

دووەم :

فەرمانبەرى خانەنشين كراو پاش دووبارە دامەزراندنەوەى شايستەى مووچەى خانەنشينى دەبێت بە پێى ئەم ياسايە ، وە خزمەتى كۆنى دەخاتە سەر خزمەتى ئێستاى بەمەرجێك مووچەى خانەنشينى ئێستاى لەمووچەى خانەنشينى كەمتر نەبێت لە بەروارى دووبارە دامەزراندنەوەى يان مووچەى هاوەڵەكانى وەك خۆى كە نەگەراونەتەوە بۆ خزمەت كە وەك و ئەون لە پلەى فەرمانبەرايەتى و خزمەتن.

# بەشی نۆیەم

# خانەنشینی جێماوەکان

لە مادەی (٢٦)برگەی یەکەم دەست نیشانی جێماوەکانی فەرمانبەر یان خانەنشینی کۆچ کردوو کراون کە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن کە ئەمانەی خوارەوەن:

أ – هاوسەر یان هاوسەرەکانی

ب – کور

ج – کچ

د – دایك

ه – باوك

و – خوشك یان برا ئەگەر کۆچ کردوو هاوسەر گیری ئەنجام نەدابوو وە دایك و باوکی کۆچیان کردبوو.

دووەم: مەرجی شایستە بوونی جێماوەکان بە بەشی خانەنشینیان بریتیە لەوەی کە هیچ مووچەیەکی فەرمانبەرایەتیان یان موچەی خانەنشینی یان دەرامەتی تایبەت یان پیشە یان کارێك لە کەرتی تایبەتیان نەبێت وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ – کور یان برا هەتا تەمەنی (١٨) ساڵ یان هەتا تەواو کردنی تەمەنی (٢٢) ساڵ کە بەردەوام بێت لە خوێندنی ئامادەیی وە هەتا تەواو کردنی تەمەنی (٢٦) ساڵ ئەگەر بەردەوام بێت لە خوێندنی زانکۆیی یان پەیمانگا باڵاکان.



Scanned with CamScanner

ب – کچ یان خوشك کە هاوسەریان نەبێت یان بەخێوکەرێکی ڕەوانی (شرعی) یان نەبێت.

ج – هاوسەر ئەگەر لەلای هاوسەرێکی تر نەبێت (شوی نەکردبێتەوە وە لە لای هاوسەری نوێی بێت ).

د – هاوسەر (مێرد) یان باوك ئەگەر پەکەوتە بن پەکەوتەی تەواو و هەمیشەیی کە نەتوانن ڕۆزی (رزقی) خۆیان پەیدا بکەن ، بە حوکمی پەکەوتە هەژمار دەکرێت ئەو کەسەی تەمەنی (٦٣) ساڵ تەواو کردبێت.

سێیەم : هاوسەر (مێرد) یان باوك بەدەر دەکرێن لە حوکمەکانی برگەی (دووەم /د) لەم مادەیە ئەگەر هاتوو داوای مافی خانەنشینیان لە سەر کەسێکیان بێت کە شەهید کراوە لە دەرەنجامی کردە تیرۆریستیەکان یان حوکمەکانی یاسایی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانیان دەگرێتەوە لە دەرئەنجامی کردە جەنگیەکان یان هەڵە سەربازیەکان یان کردە تیرۆریستیەکان کە لە یاسای ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠٠٩ یان هەر یاسایەکی تر شوێنی بگرێتەوە.

چوارەم : خەرج کردنی پشکی خانەنشینی کور بەردەوام دەبێت پاش تەواو کردنی ماوەی دیاری کراو لە برگەی(أ) لە دووەم لەم مادەیە ئەگەر هاتوو پەکەوتە بوو پەکەوتەی تەواو و هەمیشەیی کە نەتوانێت بژێوی دابین بکات بە پێی راپۆرتی پزیشکی لێژنەی پزیشکی وە دەبێت هەر (٥) ساڵ جارێك پشکنینی بۆ بکرێت ، پشکی خانەنشینی دەبرێت ئەگەر بوو بە خاوەن دەرامەتێکی تایبەت ، بە پەکەوتە هەژمار ناکرێت پەکەوتنی دوای تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) ساڵ.

پێنجەم : لە گەل رەچاو کردنی مەرجەکانی شایستە بوون کە لە برگە (دووەمی) ئەم مادەیە هاتووە خەرج کردنی پشکی کور یان کچ کە شایستەی دەبن شایستەی دەبن لە کۆچ کردنی دایکیان هەتا ئەگەر باوکیشیان لە ژیان دا ما بێت.

شەشەم : ئەگەر خانەنشين كراو كۆچى دواى كرد (مرد) وە مافى خانەنشينى شايستە بوو بەلام بۆى خەرج نەكرابوو وە كەسى شايستەى مووچەى خانەنشينى نەبوو ، ئەو مافانەى خەرج ئەكريت وەك مالى بەجيماو لە دواى خۆى بە پيى دابەش كردنى رەوانى ( القسام الشرعى) .

حەوتەم : دەستەى خانەنشينى هەلدەستيت بە دلنيابوونەوە لە هەبوونى مەرجەكانى شايستە بوون لە كەسانەى كە دواى خانەنشينى خيزان دەكەن يان پاداشتى خانەنشينى هەر (٥) سال جاريك بە پيى ئە و رينماييانەى بۆ ئەم مەبەستە دەر دەچن .

**تيبينەكى گرنگ :** لە ياسايەدا نەهاتوە ئەگەر فەرمانبەريك كۆچى دواى كرد وە خزمەتى لە (٢٥) زياتر بوو وە كەسى شايستەى موچەى خانەنشينى نەبوو ، هيچ موچەو پاداشتيك ديارى نەكراوە بدريتە جيماوە كانى رەوانى ( شەرعى) بەلام ئەم فەرمانبەرە لە دريژەى ماوەى خزمەتى گلدانەوەى خانەنشينى لە مووچەكەى براوە دەبيت بەلاى كەم گلدانەوەكەى بۆيان خەرج بكريت وە ئەگەر ئەمەش ئەستەم بوو دەكريت پاداشتيكى سالانە بۆ ئەم جۆرە حالەتانە دەست نيشان بكريت بۆ نمونە لە برى هەر ساليكى خزمەت (٢٥٠٠٠٠) دينار (دووسەدوو پەنجا هەزار دينار هەتا بە پيى نەريتى كۆمەلايەتى خەرجى پرسەى بۆ كەس و كارى دابين ببيت.

مادە (٢٧)

يەكەم : پشكى خانەنشينى هاوسەر (ژن) يان كچ يان خوشك دەبريت لە كاتى هاوسەرگيرى يان دامەزراندن ، لەحالەتى تەلاق دانيان يان كۆچى دواى هاوسەريان مووچەكەيان دووبارە دەگەريتەوە ، بە رەچاو كردنى هەبوونى مەرجەكانى هاتوو لە مادە(٢٦) لەم ياسايە.

(ئەم برگەيە برگەيەكى زۆر باشە بۆ پاراستنى خيزان و بى دەرامەتەكان)

دووەم : پشكى خانەنشينى جيماوەكان دەبريت بە شيوەى كۆتايى لە حالەتى دامەزراندن بە فەرمانبەرايەتيەكى خانەنشينى ( وظيفة تقاعدية) ئەگەر



Scanned with CamScanner

لە سەری شایستەی مووچەی خانەنشینی ببێت یان نەبێت.

مادەی (٢٨) دابەش کردنی مافی خانەنشینی بە سەر جێماوەکانی خانەنشین کراوی کۆچ کردوو:

لە مادە (٢٨)

**یەکەم/**

لەم یاسایەدا هاتووە لەکاتی کۆچی دوای فەرمانبەر جێماوەکانی فەرمانبەری کۆچ کردوو مووچەی خانەنشینیان بەسسەردا دابەش دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - ئەگەر تەنها(١ شایستە بوو) یەك کەس بوو (٨٠٪)ی مووچەی خانەنشینی پێ دەدرێت .

ب - ئەگەر شایستە بوو دوو کەس بوون (٩٠٪)ی مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێت بە یەکسانی لە سەر یان دابەش دەکرێت.

ج - ئەگەر شایستەبوو سێ کەس بوون یان زیاتر (١٠٠٪)ی مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێت بە یەکسانی لە سەر یان دابەش دەکرێت.

**دووەم :**

پشکەکانی خانەنشینی دووبارە دابەش دەکرێنەوە کە لە برگەی (یەکەم) لەم مادەیەدا هاتووەلە حالەتی برینی پشکی یەکێکیان بە هەر هۆیەك بێت.

**سێیەم :**

ئەگەر جێماوە شایستەبوەکە مووچەی خانەنشینی خۆی هەبێت بۆی هەیە بۆ یەك جار سەر پشك بکرێت بە مووچەی خانەنشینی خۆی یان وەرگرتنی پشکی خانەنشینی کە شایستە دەبێت بە پێی برگە (یەکەم) لەم مادەیە کامەیان بۆی باشترە.



Scanned with CamScanner

چوارەم :

أ – شایستە بوو بۆی نیە زیاتر لە پشکێکی خانەنشینی وەرگرێت وە بۆی هەیە بۆ یەك جار سەرپشك بکرێت بۆ هەڵبژاردنی پشکی گەورە (زیاتر).

ب – بەدەر دەکرێت لە حوکمی برگەی (أ) ناکامەکان یان ئەوانەی بە حوکمی ئەوانن کە شایستەی پشکی خانەنشینی دەبن لە دایك وباوکی کۆچ کردوویان وە قوتابیانی بەردەوامن لە خوێندن بە پێی مەرجەکانی هاتوو لە برگە ( دووەم ) لە مادە (٢٦) ی ئەم یاسایە.( هەردوو بەش وەر دەگرن)



Scanned with CamScanner

# بەشی دەیەم

# بەر پێچگرتن یان تانە گرتن ( الاعتراض )

**مادە (٢٩)**

لە مادەی (٢٩)ی یاسای خانەنشین کردنی ژمارە (٩) سالی ٢٠١٤ باسی لە تانە گرتن کردوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: ئەنجومەنێك دروست دەبێت بەناوی (ئەنجومەنی ووردبینی کردنی کاروباری خانەنشین کراوەکان ) هەڵدەستێت بە سەیر کردنی پەرپەرچەکانی پێشکەش کراو دەربارەی بریارەکانی دەرچوو لە دەستە دەربارەی کاروباری خانەنشین کراوەکان که لەمانەی خوارەوە پێك دێت :

أ - دادوەرێکی پلە (٢) کەمتر نەبێت کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دایدەنێت سەرۆك

ب – فەرمانبەری یاسای لەم لایەنانەی خوارەوەوە کە پایەیان لەبەرێوەبەر کەمتر نەبێت ئەندامی ئەنجومەن دەبن

١ - وەزارەتی دارایی

٢ - وەزارەتی بەرگری

٣ – وەزارەتی ناوخۆ

دووەم : بڕیارەکانی ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگ دەردەچێت وە ئەگەر یەکسان بوون سەرۆك دەنگی بە چی داوە ئەو دەبێتە بریار.



Scanned with CamScanner

**مادەى (٣٠)**

يەكەم :

خاوەن پەيوەنديەكان يان نوێنەرەكانى ياسايان مافى بەرپرچ گرتنيان هەيە لە بەرامبەر ئەنجومەن لەماوەى (٩٠) رۆژ لە رۆژى ئاگادار بوونيان بە بريارى دەستە بە حەقيقى يان بە حوكم.

دووەم : أ - رەسمى تانەگرتن لە پەرپەرچ گر وەردەگيرێت كە برێكى ديارى كراوە (٥٠٠٠) دينارە.

ب - ئەگەر بەرپەرچ گر لەسەر ماف بوو لە هەموو برگەكانى تانەكەى ( تانەكەى بردەوە) يان بەشێكى بردەوە وە باش ئەوەى بريارەكە پلەى كۆتاى وەردەگرێت رەسمەكەى بۆ دەگەرێندرێتەوە ، ئەگەر پێچەوانەش دەرچوو رەسمەكە دەبێتە داهاتى سندوقى خانەنشينى.

ج – حوكمەكانى ئەم برگەيە بەرپەچەكانى پێش بەروارى جێ بەجێ كردنى ئەم ياسايە ناگرێتەوە.

دووەم :

پەرپەرچ گر يان پەرپرچ لەسەر گيراو ( فەرمانبەرى خانەنشين كراو يان فەرمانگەكە) يان نوێنەرە ياسايەكانيان بۆيان هەيە تانە بگرن لەبريارى ئەنجومەن لەلايەن دادگاى تەميزى فيدرالى (اتحادى) لەماوەى (٦٠) رۆژدا لەدواى تەبليغ بوونيان بەبرپارى ئەنجومەن وە برپارى ئەنجومەنى تانە لێنەدراو يان بريارى دادگاى تەميز كۆتايى (قگعى) دەبێت .

( ئەگەر فەرمانبەر تانەى نەگرت لە ماوەى ديارى كراو بريارى خانەنشين كردنى بە كۆتاى هەژمار دەكرێت وە مافى (تانە گرتن) بەپەرچ گرتنى نامێنێت)

# بەشی یانزەم

## بێ بەش کردن لە مووچەی خانەنشینی

ماده (٣١)

یەکەم : فەرمانبەری خانەنشین کراو بێ بەش دەکرێت لە گشت مافەکانی خانەنشینی کە لەم یاسایەدا بریاری لە سەر دراوە ئەگەر هاتوو حوکم درا بە لە سێدارە دان یان بەند کردن کە بریاری کۆتایی لە سەر دەرچوبێت بەلام بۆ جێماوە شایستە بووەکان خەرج دەکرێت وە لێیان دەبرێت وە بۆی دووبارە دەبێتەوە لە حالەتی بەربوونی لە بەندیخانە بەهۆی یەکێك لە هۆکارەکانی کۆتای هاتنی دەعوای جزائی وە ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان راگرتنی و جێ بەجێ کردنی لە سێدارەدانی بە ماوەی بەند بوون هەژمار دەکرێت.

دووەم : مافی خانەنشینی بۆ تاوانباری هەڵاتوو خەرج ناکرێت کە داواکراوە بە کێسێك پەیوەستە بە ئاسایشی دەوڵەت یان بە تاوانکاریەکی تیرۆریستی کە لە یاسای دادگای جینایەتکاری باڵای عێراقی دا دەقی بۆ دارێژراوە. دەبێت دادگاکان یان ئەندامانی راگرتنی دادوەری یا لایەنەکانی پەیوەندار ی تر ئاگاداری دەستە بکەنەوە.



Scanned with CamScanner

# بەشی دوازدەم

# حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

لە ماددەی (٣٢) ی ئەم یاسایە دا هاتووە:

یەکەم: دەستە بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە کە خەرجیەکانی بەکاربردنی پێکهاتەکان دەگرێتەوە کە لە بودجەی گشتی دەوڵەت پارەی بۆ تەرخان دەکرێت.

دووەم: بودجەی گشتی دەوڵەت ئەم خەرجیانەی خوارەوەی لە ئەستۆ دەبێت :

أ- مافی خانە نشینی خانەنشین کراوەکانی پێش ٢٠٠٨/١/١ .

ب- مافەکانی خانەنشینی شایستە بووی بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ج- پاداشاتی کۆتای خزمەت.

سێ یەم: سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت ئەم خەرجیانەی خوارەوە دەدات :

أ- مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی خانەنشین کراو لە دوای ٢٠٠٨/١/١ .

ب- پاداشتی خانەنشینی و پارەی براوە و پاداشتی پەککەوتن .

ماددەی (٣٣):

یەکەم: مافی خانەنشینی بەسەر ناچێت ئەگەر خانەنشین کراو یان شایستە بوو مەرجەکانی شایستەبوونیان لە دەست نەدابێت وە لە ژیان دا مابێت.



Scanned with CamScanner

دووەم: وازهێنان لە مافی خانەنشینی بۆ کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوی ڕێگای پێ نادرێت وە هەر وازهێنانێك هەبوو بێت بە پووچەڵ دادەنرێت .

سێ یەم: مافی خانەنشینی دەستی بەسەر داناگیرێت لە ئەنجامی قەرزداری خانەنشین کراو تەنها لە دوو حاڵەت دا نەبێت :

أ- ئەگەر قەرزەکە بۆ نەفەقەی شەرعی بێت .

ب- ئەگەر قەرزەکە قەرزی گەنجینەی گشتی بێت .

چوارەم : نابێت دەست بەسەر داگرتن لە ڕێژەی (٥٠٪) لە مافی خانەنشینی زیاتر بێت .

ماددەی (٣٤):

یەکەم : ئەم بەلگە نامەیە ی کە پێ ی دامەزراوە تەمەنی دەست نیشان کردووە یان چەسپاندنی تەمەنی بۆ کراوە کاری پێ دەکرێت بۆ چەسپاندنی تەمەنی راستەقینەی فەرمانبەر یان خانەنشین کراو وە بە هیچ راست کردنەوەی دادوەری یان کارگێری کە دەرچووبێت یان دەر بچێت دوای چەسپاندنی تەمەن کاری پێ ناکرێت .

دووەم : بەدەر لە حوکمی بڕگە (١) لەم ماددەیە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار بۆیان هەیە کۆتایی سالی رۆژمێری بکەنە بەرواری لە دایك بوون لە جیاتی ٧/١ لەم ساڵە دا. ( بۆ نمونە بەروارەی لە دایك بوونی فەرمانبەرێك ١٩٥١/٧/١ کە دەبێت لە٢٠١٤/٧/١ خانەنشین بکرێت بۆ وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار خانەنشین کردنی دوا بخات بۆ ٢٠١٤/١٢/٣١ .

ماددە(٣٥) :

یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر گشت کار و بارەکان جێ بە جێ دەکرێن کە روو دەدات لە حالی خانەنشین کراوەکان یان خێزانیان لە بەرواری جێ

بە جێ کردنی ئەم یاسایە . هەر مافێك درابێت یان خەملێنرابێت بۆ ئەم کەسانەی خانەنشین کراون و دەستیان لە فەرمانبەرایەتیان هەڵگرتووە یان دراوە بە خێزانەکانیان پێش جێ بە جێ کردنی ئەم یاسایە بە کۆتای دادەنرێت ئەگەر دەقێکی تایبەت نەبێت پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت .

دووەم: دەبێت خانەنشین کراوەکان یان جێگرەوەکانیان ئاگاداری دەستە بکەنەوە بە نووسین لە هەر گۆڕانکاریەك لە بارەی وەزیفە یان پیشە یان خێزانیان یان هەر شتێك ئاساواری هەبێت لە مافی خزمەت و خانەنشین لە ماوەی (١٢٠) رۆژ دا لە بەرواری گۆرانکاری وە ئەگەر ئاگاداری دەستە نەکاتەوە وە پارەکانی وەربگرێت بە بێ رووی ماف(وجە حق) پێ بژاردنی(غرامە) پێ دەکرێت بە رێژەی (٥٪) لەو کۆژمەی بۆی خەرج کراوە وە دەبێتە داهاتی سندوق.

سێ یەم : دووبارە مووچەی خانەنشینی هەژماردەکرێتەوە بۆ ئەو خانەنشینانەی پێش جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە خانەنشین کراون یان بۆ جێماوەکانیان بەپێی هاوکێشەی هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی کە لە مادەی (٢١) لەم یاسایە دا هاتووە بە م شێوەیەی خوارەوە .

أ. فەرمانبەرانی خانەنشین کراو (المدنین) خاوەن پلەکانی فەرمانبەرایەتی لە پلە یەك بەرەو خوار مووچەی خانەنشینیان هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای مووچەی هەنگاوی یەکەم لە پلە فەرمانبەرایەتیەکەی خانەنشینکراو بە پێی خشتەی مووچەی هاوپێچ لەگەڵ یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ( ٢٠٠٨ ) ی هەموار کراو ( جدول رواتب موظف الدولە والقطاع العام ) یان هەر یاسایەك شوێنی ئەم یاسایە بگرێتەوە وە رەچاوی کۆتا مووچەی دەکرێت لە بەرواری خانەنشین کردنی بۆ هەژمار کردنی مووچەی خانەنشینی ئەگەر هاتوو ئەم مووچەیە زیاتر بێت لە مووچەی قۆناغی یەکەمی پلەی فەرمانبەرایەتی خانەنشین کراو

ب. خانەنشین کراوی سەربازی و کارمەندانی هێزی ئاسایش:
مووچەی خانەنشینیان هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای مووچەی پلەی بڕیار لەسەر دراو بە پێی یاساکانی ژمارە (٣٩ ) سالی (٢٠١٠)ی هەموار کراو وە ژمارە ( ١٨) سالی ( ٢٠١١ ) ی هەموار کراو وە کۆتا مووچەی فەرمانبەریەتی لە بەرواری خانەنشین کردن ڕەچاو دەکرێت ئەگەر زیاتر بوو لە مووچەی پلە سەربازیەکەی یان ئاساییشیەکەی[٥] .

چوارەم : مووچەی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی : بەدەر لە حوکمەکانی مادە (٢١) دووەم دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی یان جێ ماوەکانیان شایستە مووچەی خانەنشینی دەبن بە ڕێژەی ٨٠٪ لە دوا مووچە و دەرماڵەکانیان کە وەریان دەگرت پێش خانەنشین کردنیان بە مەرجێك کۆی دەرمالەکان لە ١٥٠٪ لە مووچەی فەرمانبەرایەتیان تێپەر نەکات وە لەم حالەتانەی خوارەوە:

أ. ئەگەر خانەنشین کران لەبەر تەواوکردنی تەمەنی یاساییان .

ب. ئەگەر خانەنشین کران بە هۆکاری تەندروستی لەبەر پەککەوتن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە ڕاپۆرتی پزیشکی.

ج. ئەگەر کۆچی دواییان کرد وە لە خزمەت دا بوون هەر چەندە ماوەی خزمەتی هەبێت یان تەمەنی .

د. ئەگەر خانەنشین کرا لەسەر داوای خۆی وە خزمەتی لە دادوەری یان داواکاری گشتی لە (٣٠)سالْ کەمتر نەبێت .

هـ. حوکمەکانی بڕگەی( أ) لەسەرەوە ئەم چینە دادوەرانەش دەگرێتەوە :

١. سەرۆك و ئەندامانی دادگای فیدرالی بالاّ.

٢. سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمیزی فیدرالی.

---

[٥] الوقائع العراقية ،العدد ٤٣١٤ في ٢٠١٤/٣/١٠



Scanned with CamScanner

٣. دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی یان جێ ماوەکانیان کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە خانەنشین کراون.

٤. بەدەر دەکرێت لەم برگەیە دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی کە کاریان کردووە لە دادگا تایبەتیەکان وە بەدەرەکان کە رژێمی بەعسی پێکی هێنابوون.

**پێنجەم : مامۆستایانی زانکۆ:**

مووچەی خانەنشینی مامۆستایانی زانکۆ.

بە دەر لە حوکمەکانی مادە ٢٢/ دووەم :

مامۆستایانی زانکۆ یان جێماوەکانیان شایستەی مووچەی خانە نشینی دەبن بە رێژەی (٨٠٪) لە مووچەی بنەرەتی و دەرماڵەکانیان بە مەرجێك دەرماڵەکانیان لە (٢٠٠٪) زیاتر نەبێت بۆ نموونە مامۆستایەکی زانکۆ هەلگری بروانامەی ماسترە خانەنشین کرا وە ناونیشانی (پرۆفیسۆری یاریدەدەرە) وە دوامووچەی پێش خانەنشینی (مووچەی بنەڕەتی) ٩٦٨٠٠٠ دینار بوو.

مووچەی خانەنشینی بەم شێوەیەی خوارەوە هەژمار دەکرێت .

٩٦٨٠٠٠ مووچەی بنەڕەتی

٩٦٨٠٠٠ دەرماڵەی ڕاژەی زانکۆیی ١٠٠٪ لە مووچەی بنەڕەتی

٧٢٦٠٠٠ دەرماڵەی بڕوانامەی ٧٥٪ لە مووچەی بنەڕەتی

٣٣٨٨٠٠ دەرماڵەی پلەی زانستی٣٥٪ لە مووچەی بنەڕەتی

٣٠٠٠٠٠٠

تێبینی : دەرماڵی بە رێژەی (١٠٪) کەم دەکرێتەوە نابێت دەرماڵەکانی لە رێژەی (٢٠٠٪) تێپەر بکات

٩٦٨٠٠٠ X ١٠٪ = ٩٦٨٠٠ دینار

٣٠٠٠٠٠٠ -٩٦٨٠٠= ٢٩٠٣٢٠٠

مووچەی خانەنشینی = ٢٩٠٣٢٠٠ X ٨٠
١٠٠

= ٢٣٢٢٥٦٠ دینار مووچەی خانەنشینی

**مەرجەکانی خانەنشینی مامۆستایانی زانکۆ**

١. ئەگەر هاتوو لەبەر تەمەن خانەنشین کرا وە ماوەی خزمەتی لە ٢٥ سال کەمتر نەبوو وە خزمەتی مامۆستایەتی بە لای کەمەوە (١٠) سال بێت .

٢. ئەگەر هاتوو خانەنشین کرا لەبەر پەکەوتنی لە ئەنجامدانی کارەکانی فەرمانبەرایەتی بە پێی بڕیاری لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ ئەم حالەتە بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی خزمەت وتەمەنی دەبێت .

٣. ئەگەر لەسەر داوای خۆی خانەنشین کرا وە خزمەتی راژەی زانکۆی (مامۆستایەتی ) لە (٢٠) کەمتر نەبێت .

٤. ئەگەر کۆچی دوایی کرد هەرچەند تەمەنی بێت یان ماوەی خزمەتی.

٥. خزمەتی بەپێی بڕوانامەی بکالۆریوس لە زانکۆکان یان لە دەستەکان یان لە سەنتەری وەزارەتی خوێندنی بالا پێش بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماجستێر یان دکتۆرا کەماوەکەی لە دواى ئەم بڕوانامانە لە (١٠سال) کەمتر نەبێت بە راژەی زانکۆیی هەژمار دەکرێت پێش ئەوەی تەمەنی ببێتە ٦٣ سال وە خزمەتی لە ٢٥ سال کەمتر نەبێت .

**شەشەم :بالۆێزەکان ( السفراء)**

بالۆێزەکان شایستەی مووچەی خلنەنشینی دەبن لەکاتی خانەنشینکردنیان بە ڕێژەی (٨٠٪) لە مووچەو دەرماڵەکانیان کە هاوەڵەکانیان لە دیوانی وەزارەت وەردەگرن بە مەرجێك دەرماڵەکانیان لە (١٠٠٪) لە مووچەی فەرمانبەرایەتیان تێنەپەرێت وە لە یەکێك لە م حاڵەتانەی خوارەوە .

أ. ئەگەر خانەنشین کرا لەبەر تەواو کردنی تەمەنی یاسایی وەخزمەتی لە (٢٠) سالْ کەمتر نەبوو

ب. ئەگەر خانەنشین کران بە هۆکاری تەندروستی لەبەر پەککەوتن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە راپۆرتی پزیشکی فەرمی تایبەت بەبێ رەچاو کردنی ماوەی خزمەتیان یان تەمەنیان .

ج. ئەگەر مرد لە کاتی خزمەت کردنی هەر چەند بێت ماوەی خزمەتی یان تەمەنی .

د. ئەم برِگەیە خانەنشین کراوەکانی پێش جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەگرێتەوە ئەوانەی ئەم پۆستەیان پێ سپێردرابوو پاش ٢٠٠٣ /٤/٩ .

حەوتەم : بەرِێوەبەرە گشتیەکان لە گشت دام و دەزگاکانی دەولەت شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بە رِێژەی (٨٠٪) تێپەر ناکات لە دواموچەو دەرمالەکانیان کە وەریان دەرگرت بە پێی ئەم یاسایە .

هەشتەم : دەرمالەی خۆش گوزەرانی بە خانەنشین کراوەکان دەدرێت بە رێژەی (١٪) لە مووچەی خانەنشینیان بۆ هەر سالێك لە خزمەتیان وە ئەم دەرمالەیە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە مووچەی خانەنشینیان لەسەر بنەمای مووچەو دەرمالەکانە .

نۆیەم : دەرمالەی برِوانامە دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بۆ ئەو کەسانەی کەبەبرِوانامە دامەزراون یان لە ماوەی خزمەتی بروانامەیان وەرگرتوە بە م شێوەیەی خوارەوە.

أ. دبلۆم دەرمالەی بروانامەی پێ دەدرێت بەر رێژەی ٥٪ لە مووچەی خانەنشینی .

ب. بکالۆریوس دەرمالەی بروانامەی پێ دەدرێت بەر رێژەی١٠٪ لە مووچەی خانەنشینی .

ج. دبلۆمی باڵاو ماجستیر دەرماڵەی بروانامەی پێ دەدرێت بەر ڕێژەی ١٥٪ لە مووچەی خانەنشینی .

د. دکتۆراه دەرماڵەی بروانامەی پێ دەدرێت بەر ڕێژەی ٢٥٪ لە مووچەی خانەنشینی.

مادەی (٣٦) چۆنیەتی زیادکردنی مووچەی خانەنشینی .

یەکەم : مووچەی خانەنشینی بەبریاری ئەنجومەنی وەزیران زیاد دەکرێت بە ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە بە مەرجێك زیادکردنی مووچە لە ڕێژەی هەڵاوسان زیاتر نەبێت .

## خانەنشینی سەرۆکەکان و پلە تایبەتیەکان

مادە (٣٧)

یەکەم / بەدەر لە حوکمەکانی مادە (٢١) لەم یاسایەدا مووچەی خانەنشینی هەژمار دەکرێت بۆ سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانەی بە پلەکانیانن وە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمرانی وە جێگرەوەکانیان وە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کاتی وە ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی ، جێگری وەزارەتەکان و بەپلە کانیان وە ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن وە راوێژگارەکان وە خاوەن پلە تایبەتیەکان وە ئەوانەی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتین و ئەوانەی مووچەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن لە حالەتی خانەنشینکردنیان یان مردنیان یان دەست لە کارکێشانەوەیان بەرەزامەندی لایەنی تایبەت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. (٢٥٪) لە دوار مووچەیان (مووچە یان پاداشت یان ڕۆژانە) وە دەرماڵەکانیان کەلەکاتی خزمەت وەریان دەگرن.

ب. ڕێژەى (٢،٥٪) دەخرێتە سەر مووچەيان دوا مووچە يان پاداشت يان ڕۆژانە وە گشت دەرماڵەكان لەبڕى هەرساڵێكى خزمەت بە مەرجێك لە (٨٠٪) زياتر نەبێت .

دووەم / حوكمەكانى بڕگەى (يەكەم )لەم مادەيە دادوەران و ئەندامانى داواكارى گشتى لە دادگاى جينايەتى عێراقى باڵا دەگرێتەوە ئەوانەى خانەنشين دەكرێن .

سێ يەم / بۆ ئەوكەسانەى حوكمەكانى بڕگەى (يەكەم و دووەميان ) لەم مادەيە دەگرێتەوە كە پێشان فەرمانبەر بوون لە دەوڵەت گەرانەوەيان بۆ فەرمانبەرايەتيەكەيانى پێشوو وە دەست لە كار كێشانەوەيان هەڵدەوەشێتەوە وە ماوەى خزمەتيان هەژمار دەكرێت بۆ سەر مووچەو پلە بەرزكردنەوەو پايە بەرزكردنەوەو خانەنشينى وە لە سەر لايەنە پەيوەندى دارەكانە پلەى فەرمانبەرايەتيان بۆ دابين بكەن .ئەمانە سەر پشك دەكرێن لە نێوان مووچەى خانەنشين كەلە بڕگەى (يەكەم) داهاتووە يان مووچەى فەرمانبەرايەتى كەبۆى دەگەرێنەوە .

چوارەم /حوكمەكانى بڕگەى يەكەم و دووەم لەم مادەيەدا خانەنشينكراوەكان دەگرێتەوە وە كەپێشى دەرچوونى ئەم ياسايە خانەنشين كراون وە پۆستەكانيان لە پاش ٢٠١٣ /٤/٩ وە گرتووە .

ماده (٣٨)

يەكەم / گشت دەقە ياساييەكان هەڵدەوەشێنەوە كە لە ياساكان و فەرمانەكانى بڕيارى ماف پێدانى مووچەى خانەنشينى داوە بۆ خانەنشينان و شايستە بووەكان بە پێچەوانەى حوكمەكانى ئەم ياسايە كە ئەمانەى خوارەوەش دەگرێتەوە :

١. فەرمانى تشريعى ژمارە (٩) سالى ٢٠٠٥ هەموار كراو بە فەرمانى ژمارە (٣١) ساڵى ٢٠٠٥.



Scanned with CamScanner

٢. یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی کاتی ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٥ .

٣. یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەر بەرخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١١) ٢٠٠٧ هەموارکراو .

٤. یاسای کۆمەڵەی نیشتیمانی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کراو.

٥. یاسای ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠٧.

٦. یاسای راژەی دەرەوە ژمارە (٤٥) ساڵی ٢٠٠٨ .

٧. یاسای پارێزگاکانی رێك نەخراو بە هەرێم ژمارە (٢١) ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کراو .

٨. یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو

٩. تشریعاتەکانی تایبەت بە خانەنشینی دادوەران (بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵوەشاوەی ژمارە (١٠٢١) ساڵی ١٩٨٣ ، بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵوەشاوەی ژمارە (١٢٠) ساڵی ١٩٩٧، بڕیاری (١٤٥) ساڵی ٢٠٠١ ، فەرمانی ژمارە (٥٤) ساڵی ٢٠٠٤ ، یاسای مووچەی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی ژمارە (٢٧) ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو ، دادگای جینایەتی عێراقی باڵا ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو یاسای دادگای فیدرالی باڵا .

١٠. حوکمە کانی تایبەت بە خانەنشین کە دەقەکانی لە یاسای پەککەوتنی تەندروستی فەرمانبەرانی ژمارە (١١) ساڵی ١٩٩٩.

دووەم / بەدەردەکرێت لە حوکمەکانی بڕگەی یەکەم لەم مادەیە :

أ- یاسای دەزگای شەهیدانی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٦ ی هەموار کراو .

ب- یاسای دەزگای زیندانیە سیاسیەکانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦ .

ج – یاسای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان لە دەرئەنجامی کردە جەنگیەکان هەلە سەربازیەکان و کردە تیرۆرستیەکانی ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠٠٩ .



Scanned with CamScanner

سێ یەم / ئەنـدامانی ئەنجومەنـەکانی بەڕێوەبـەری شارۆچکەکان (مـدیر ناحیـە) وە ئەنـدامانی ئەنجومەنـەکانی خـۆجێی و شـارە دێیـەکان (الاقچـیە ) وە شارۆچـکەکان (النـواحی ) وەئەنـدامانی ئەنجومـەنی شـارەوانیەکان (کـەرت و گـەڕەك ) شایسـتەی مووچەی خانەنشینی دەبن ئەگەر خزمەتی خانەنشینیان لە ١٥ ساڵ کـەمتر نـەبێت وە مووچـەی خانەنشـینیان بـۆ هـەژمار دەکرێـت لسـەر بنـەمای مووچەی بنەڕەتی ( هەنگاوی یەکەم ) لـە پلەی دووەم بـەپێ ی خشتەی مووچەی هاوپێچ بە یایای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمـار (٢٢) ساڵ ٢٠٠٨ هەموار کراو یان هەریاسایەکی تر شوێنی بگرێتەوە وە لەسەر بنـەمای ئەو ڕێژمیـەی دەقەکـەی دیاری کراوە لەبڕگـەی دووەم لـە مـادەی (٢١) ئـەم یاسـایە بەمـەرجێك پێشێلی مـافی مووچـەی خانەنشـینیان نـەکات ئەگـەر زۆرتریـان بـۆ دەرچـوو لەبـەر خزمـەتی فەرمانبەرایـەتیان وە شـوێنی فەرمابەرایەتیەکەیان لە فەرمانبەرایەتی گشتی ، ئەوانـەی خزمـەتیان لـە ٤ ساڵ زیاترە مووچەی لانی کەمی بڕیار لەسـەر دراو بـەپێ حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە بۆیـان خـەرج دەکرێـت بـەلام ئـەم حوکمـە دەورەکـانی داهـاتوو ناگرێتەوە .

مادەی (٣٩)

یەکەم / بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە وەلەسەر پێشنیاری سـەرۆکی کۆمـار یـان سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران وە بـە باوەرپێهینـانی ئەنجومـەنی نوێنـەران مووچـەیەکی خانەنشـینی تـەرخان دەکرێـت کـە بڕەکـەی لـە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نـەبێت بۆ نـاودارانی نیشتمانی عێراقی یان جێماوەکانیان کەلەم یاسایە دەقی بۆ داڕێژراوە لە حالەتی کۆچی دوایی کردنیـان ئەگـەر مووچـە یـەکیان لـە دەوڵـەت نـەبێت یـان مووچـەی



Scanned with CamScanner

خانەنشينيان لە دوو مليۆن دينار كەمتر بێت وە چۆنيەتى دەست نيشان كردنى ناودارانى نيشتيمانى بە ڕێسا دەردەچێت .

دووەم / حوكمەكانى برگەى يەكەم لەم مادەيە ئەوعێراقيانەش دەگرێتەوە يان خێزانەكانيان لە حالەتى كوشتنيان يان پەككەوتە بوونيان بە شێوەيەكى گشتى لە دەرئەنجامى هەڵوێستى نيشتيمانيان.

سىَ يەم / بۆ ئەنجومەنى وەزيران هەيە ئەم مووچەى هەموار بكات كەلەم مادەيە دەق بۆ دارێژراوە لەبەر رۆشنايى رێژەى هەڵاوسانى دارايى.

مادە (٤٠)

يەكەم / ياساى خانەنشينى يەگرتووى ژمار (٢٧) ساڵى ٢٠٠٦ى هەموار كراو هەڵدەوەشێتەوە .وەگشت ماف و پابەندبوونەكانى دەستەى نيشتيمانى خانەنشينى كە پێ ى دامەزرابوو لە كەل وپەلەكانى فەرمانبەرانى دەچێتە سەر دەستەى دامەزراو بە پێى ئەم ياسايە .

دووەم / ماف و پابەندبوونەكانى سندوقى خانەنشينى كە بە پێى ياساى خانەنشينى يەگرتووى ژمارە (٢٧)ى ساڵى ٢٠٠٦ دامەزرابوو دەگواسترێتەوە بۆ سندووقى خانەنشينى كە بەپێ ى حوكمەكانى ئەم ياسايە دەقى بۆ دارێژراوە ( كەل وپەل و فەرمانبەرانى )

سىَ يەم / رێسا و رێنمايەكانى كارپێ كراو وەك خۆيان دەمێننەوە ئەگەر رێگر نەبن لە جێ بەجێ كردنى حوكمەكانى ئەم ياسايە هەتا رێسا و رێنمايى دەردەچێت كە شوێنيان بگرێتەوە،يان هەڵيان بوەشێنێتەوە.

چوارەم/ هيچ قەرەبووەكى دارايى لە جێ بەجێ كردنى ئەم ياسايە دروست نابێت لە جياتى مادەكانى پێش جێ بەجێ كردنى ئەم ياسايە .



Scanned with CamScanner

مادە (٤١) :
وەزيرى دارايى ڕێنمايى پێويست دەردێنێت بۆ جێ بەجێ كردنى حوكمەكانى ئەم ياسايە .

مادە(٤٢) :
ئەم ياسايە لە ڕۆژنامەى فەر مى بلاّو دەكرێتەوە وە كارى پىَ دەكرێت لە ٢٠١٤/١/١ .
ياسايەكە لە ڕۆژنامەى وەقائعى عێراقى ژمارە ٤٣١٤ لە ٢٠١٤/٣/١٠ بلاّوكراوەتەوە وە يۆتە ياساى ژمارە (١٠) ى سالّى ٢٠١٤

## هۆكارەكانى ئەرێنى

بە ئامانجى چاككردنى بارى گوزەرانى خانەنشينان ، وە بۆ هاندانى كاركردن لە كەرتى تايبەت وە بۆ ئاسان كردنى گواستنەوە و سوودەكان لە نێوان هەر دوو كەرتى تايبەتى و گشتى .وە بۆ بەرفراوان كردنى بنكەى گرتنەوەى ياسا بۆ زۆر چين و وە لە پێنا و وەفادارى بۆ شەهيدانى كردە تيرۆرستيەكان و كەس و كارەكانيان لە كارمەندانى سوپا و پۆليس و وە بۆ كەمكردنەوەى جياوازيەكانى مووچە لە نێوان خانەنشين كراوەكان ئەم ياسايە دەرچوو.



Scanned with CamScanner

# چەند تێبینیەك لە سەر
# یاسای خانەنشینی لە عێراقی فیدراڵ

ئەم یاسایە بێ کەمی نیە لە لایەك وە داد پەروەرانەش نیە لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی نارازی بوونێکی زۆر لە سەر هەردوو مادەی (٣٧ و٣٨) لێ کەوتۆتەوە لە سەر مووچەی خانەنشینی سەرۆکەکان و وەزیرەکان وئەندام پەرلەمانەکان کە مووچەی خانەنشینیان (دە جار یان زیاترە) لە مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی کە ماوەی خزمەتیان لە نێوان (١٥ -٢٠ ) ساڵە وە نازانرێت بۆچی مووچەی بەرێوەبەری شارەدەیەکان یان شارۆچکەکان یان ئەندامانی ئەنجومەنەکانیان بەرز بکرێتەوە بۆ پلە (دووی) فەرمانبەرانی گشتی کە هەندێکیان خاوەن خزمەت و بڕوانامە نین وە ئەمەش نیگەرانی لە لایەن فەرمانبەرانی خاوەن بڕوانامەی زانکۆی خاوەن خزمەتی فەرمانبەرایەتی دروست دەکات .

خانەنشین کردن وەك زاراوەیەکی کۆمەلایەتی بە واتای حەسانەوە دێت دوای ماندوو بونێکی درێژ خایەن لە کار کردن وە خانەنشین کراو دەستەبەری بژێوی بۆ دەکرێت بە مووچەی خانەنشینی هەتا خۆی و هاوسەرەکەی لە ژیان مابن پێویستیان بە کەسێك نابێت بە خێویان بکات .بەلام لە ولاتی ئێمە کە فەرمانبەر خانەنشین دەکرێت تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبێت لە بەر کەمبونەوەی مووچەکەی کە لە سەری راهاتوە بۆ گوزەرانی رۆژانەی بەلام لە کاتە کە هێزی کار کردنی نامێنێت خانەنشین دەکرێت و مووچەکەی یان دەبێتە (نیوە) یان دەبێتە (سێیەك) یان (چوارێك) وە ئەمەش تێکدەری باری ئابوری خێزانەکەیەتی . خانەنشین کراو نازانێت چی بکات ئایا لایەك لە شورەی ماڵەکەی بروخێنێت

بيكاتە دوكانێكى بچووكى شيرينى فرۆشتن بۆ منالان گەرەك يان ئۆتۆمبێلە تايبەتەكەى بفرۆشێت و ببێتە شوفێرى

تاكسى ئەم پيشانە گران لە لايەك تواناو هێزى دەوێت كە خانەنشين كراو لە دواى تەمەنى (٦٣) ساڵ بێ هێز بووە لە لايەك لە لايەكى تر لە گەل ئاستى فەرمانبەرايەتيەكەى ناگونجێن كە هەتا دوێنى ئەو فەرمانبەرەێكى پلە يەك يان دوو بووە وە پايەكەى لە بەرێوەبەر كەمتر نەبووە .

دەتوانين بڵێين خانەنشينى حەسانەوە نيە بەلكو گۆشەگيرى و نا ئاراميە بۆ خانەنشين كراو ، ئەو كاتە حەسانەوەيە كە مووچەكەى كەم نەبێتەوە وە بارى دارايى خێزانى تێك نەچێت ئا لەم تەمەنە مرۆڤ پێويستى زياترى بە مووچەو داهاتە بۆ رووبەروو بونەوەى نەخۆشيەكان كە لە دواى تەمەنى (٥٠) ساڵ هەر ساڵ نەخۆشيەك روو لە مرۆڤ دەكات بە تايبەتى نەخۆشيە درێژ خايەنەكان و نەخۆشيەكانى تەمەن (شەكرە ، بەرز بونى پاڵەپەستوى خوێن ، دڵ ...هتد).

# قانون التقاعد الجديد

قانون التقاعد الجديد رقم (٩) لسنة ٢٠١٤

بناء على ما اقره مجلس النواب وصادق عليه رئيس الجمهورية واستنادا الى احكام البند ( اولا ) من المادة ( ٦١ ) والبند ( ثالثا ) من المادة ( ٧٣ ) من الدستور صدر القانون الآتي:

رقم ( ٩ ) لسنة ٢٠١٤

قانون التقاعد الموحد

الفصل الاول

التعاريف

يقصد بالمصطلحات والعبارات التالية لأغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاؤها:

اولا - الوزارة : وزارة المالية.

ثانيا - الهيأة: هيأة التقاعد الوطنية.

ثالثا - الصندوق : صندوق تقاعد موظفي الدولة.

رابعا - رئيس الهيأة : رئيس هيأة التقاعد الوطنية.

خامسا - المدير العام: مدير عام صندوق تقاعد موظفي الدولة.

سادسا - مجلس الإدارة : مجلس إدارة صندوق تقاعد موظفي الدولة.

سابعا - الموظف: كل شخص عهدت إليه وظيفة مدنية او عسكرية او ضمن قوى الامن أو مكلف بخدمة عامة والذي يتقاضى راتبا أو اجرا أو مكافأة من الدولةوتستقطع منه التوقيفات التقاعدية .



Scanned with CamScanner

ثامنا – الموظف المؤقت : كل شخص جرى التعاقد معه وتوفرت فيه شروط التوظيف المنصوص عليها في قانون الخدمة المدنية رقم (٢٤) لسنة ١٩٦٠ المعدل .

تاسعا- المتقاعد: كل شخص استحق عن خدماته راتبا تقاعديا او مكافأة تقاعدية او مبلغ مقطوع وفقاالاحكام هذا القانون .

عاشرا – الحقوق التقاعدية: الراتب التقاعدي او المكافاة التقاعدية او المبلغ المقطوع .

المبلغ المقطوع: المبلغ الشهري الذي يتقاضاه المتقاعد اثناء حياته والذي لديه خدمة تقاعدية لاتقل عن (١٠) عشر سنوات واقل من (١٥) خمسة عشر سنة

ثاني عشر ـ مكافأة العطل: مكافأة تعويضية عن العطل الناجم عن إصابة عمل.

ثالث عشر ـ مكافأة نهاية الخدمة : مبلغ مالي يدفع للموظف المحال إلى التقاعد وفقاً للقانون .

رابع عشر ـ الراتبالتقاعدي : الراتب الشهري الذي يستحقه المتقاعد

خامس عش ر- الراتب الوظيفي : الراتب الذي يتقاضاه الموظف اثناء الخدمة التقاعدية بدون مخصصات .

سادس عشر ـ معدل الراتب : معدل الراتبالوظيفي للموظف خلال (٣٦) ستة وثلاثين شهرا من خدمته التقاعدية الأخيرة ولاتحتسب لأغراض هذا المعدل رواتب الخدمة التي تقل عن شهر.

سابع عشر-الوظيفة التقاعدية : الوظيفة المؤداة في الدولة ومستوفى عنها التوقيفات التقاعدية.

ثامن عشر ـ الخدمةالتقاعدية : مدة الخدمة التي تحتسب لأغراض التقاعد بموجب أحكام هذا القانون أو أي قانون آخر والمستوفى عنها التوقيفات التقاعدية.

تاسع عشر- الحصةالتقاعدية: الحصة الشهرية التي تؤول للمستحق من الراتب التقاعدي.

عشرون - الخلف : أفراد عائلة الموظف أو المتقاعد الذين يخلفونه عند وفاته وفقا لأحكام هذا القانون أو أي قانون آخر.

حادى وعشرون —المورد الخاص : مجموع الدخل الشهري الذي لا يقل عن الحد الادنى للحصة التقاعديةللمستحق الواحد.

ثاني وعشرون - المستحق: من يستحق الحقوق التقاعدية من الخلف .

ثالث وعشرون - اللجنةالطبية: اللجنة الطبية الرسمية المختصة المشكلة في وزارة الصحة.

رابع وعشرون - اللجنةالطبية الاستئنافية : اللجنة الطبية الرسمية المحددة من وزارة الصحة للنظر في الاعتراض الذي يقدم على قرار اللجنة الطبية .

خامس وعشرون - المرض: الاعتلال الصحي الذي يمنع الموظف من مزاولة عمله ولا يكون ناشئا عن إصابة عمل .

سادس وعشرون - المرض المهني : الإعتلال الصحي الذي يمنع الموظف من مزاولة عمله ويكون ناشئا عن ممارسة مهنة معينة .

سابع وعشرون - إصابةعمل : اصابة الموظف بمرض مهني ناجم عن ممارسة عمله او الإصابة بعطل عضوي نتيجة حادث وقع اثناء العمل او من جرائه ويعد في حكم الإصابة الحادث الذي يقع للموظف في إثناء ذهابه المباشر الى العمل او في اثناء عودته المباشرة منه

ثامن وعشرون - العطل: نقصان القدرة على العمل بشكل كامل او جزئي بسبب إصابة العمل.

تاسع وعشرون - الحادث: الواقعة المادية الخارجية الطارئة ذات التأثير المباشر على الجسم.

ثلاثون - العجز: نقصان القدرة على العمل بشكل كامل أو جزئي بسبب المرض.

## الفصل الثاني
## الاهداف والوسائل والسريان

المادة ٢-

اولاً- يهدف هذاالقانون الى ما يأتي :

أ. تحقيق العيش الكريم للمشمولين بأحكامه .

ب. المساهمة في تعزيز قيم التكافل الاجتماعي والوصول إلى معادلة منصفة تضمن العدالة في توزيع الدخل بين افراد الجيل الواحد والأجيال المتعاقبة .

ج. ضمان وصول مظلة التقاعد إلى فئات اكثر .

د. توفير استقرار نفسي ومادي لأكبر عدد ممكن من الموظفين والمتقاعدين وخلفهم.

ه. ضمان حماية الدخل للاشخاص العاملين واسرهم في حالات التقاعد والعجز والإعاقة والشيخوخة والوفاة .

و. سهولة انتقال العاملين بين القطاعين العام والخاص .

ثانيا - تتحقق اهداف هذا القانون بالوسائل الآتية :

أ. استثمار اموال الصندوق

ب. توحيد احكام انتقال المنافع بين القطاعين العام والخاص وتسهيل انتقال القوى العاملة بينهما .

ج. استخدام التكنلوجيا في تقديم الخدمات للمتقاعدين .

المادة-٣-

تسري احكام هذاالقانون على جميع موظفي دوائر الدولة والقطاع العام والموظفين المؤقتين والمكلفين بخدمة عامة وموظفي الدولة في القطاع المختلط المعينين قبل ٢٠٠٣/٤/٩ والمتقاعدين في الحالات الآتية:

أولا - التقاعد .

ثانيا ـ المرض أوالاعاقة .

ثالثا ـ الشيخوخة.

رابعا ـ الوفاة .

## الفصل الثالث

## الهيأة

المادة ـ ٤ ـ

اولا ـ تؤسس هيأة تسمى (هيأة التقاعد الوطنية) تتمتع بالشخصية المعنوية وترتبط بوزارة المالية ويكون مقرها في بغداد .

ثانيا ـ يرأس الهيأة موظف بدرجة وكيل وزارة ، حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل ، وهو الرئيس الأعلى للهيأة ويقوم بجميع الأعمال اللازمة لادارتها وتسيير أعمالها ونشاطاتها ويمثلها امام دوائر الدولة والقضاء وفقا للقانون ، وتصدر باسمه الأوامر والقرارات ، وله تخويل جزء من اختصاصاته الى اي موظف اخر في الهيأة .

ثالثا ـ يحل مديرعام الصندوق محل رئيس الهيأة عند غيابه.

المادة ـ ٥ ـ

تتولى الهيأة المهام الآتية:

اولا ـ تثبيت خدمات منتسبي دوائر الدولة والقطاع العام والمختلط من موظفين مدنيين وعسكريين وقوى الأمن والمكلفين بخدمة عامة .

ثانيا ـ اجراء فحص اكتواري للوضع المالي للصندوق بواسطة خبير اكتواري مستقل وبمساعدة قسم تحليل سياسات التقاعد والحسابات الإكتوارية في الهيأة ، كل (٥) خمس سنوات.

ثالثا ـ وضع قاعدة بيانات خاصة بموظفي الدولة والمتقاعدين المشمولين بأحكام هذا القانون لضمان الشفافية وتسهيل الحصول على تقديرات دقيقة عن



Scanned with CamScanner

مدى الاستقرار المالي للصندوق، وعلى الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة تزويد الهيأة بالبيانات الخاصة بمنتسبيها.

رابعاً ـ احتساب وصرف الحقوق التقاعدية وفق القانون .

خامسا – اقتراح مشروعات التشريعات المتعلقة بالتقاعد ومشروعات تطويرها الى وزارة المالية في ضوء ما يستجد من أمور وما يواجه التطبيق من مشاكل ضمن إطار سياسة الدولة المالية وأهدافها.

## الفصل الرابع

## الهيكل التنظيمي

المادة ـ ٦ـ

اولا : تتكون الهيأة من التشكيلات الآتية:

أ. صندوق تقاعد موظفي الدولة .

ب. مديرية شؤون المتقاعدين .

ج. مديرية الشؤون الإدارية والقانونية .

د. مديرية الحاسبة ونظم المعلومات .

ه. مديرية البنى التحتية والخدمات .

و. مديرية الشؤون المالية

ز. مديريات التقاعد في المحافظات غير المنتظمة في إقليم

ثانيا: يدير المديريات المنصوص عليها في البند ( اولا ) من هذه المادة موظف بعنوان مدير في الأقل حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل ومن ذوي الخبرة والإختصاص .

ثالثا ـ تحدد تقسيمات تشكيلات الهيأة و مهام تلك التقسيمات بنظام داخلي يصدره وزير المالية .

المادة -٧-

اولاً- يتمتع الصندوق بالشخصية المعنوية ويمثله مدير عام الصندوق أو من يخوله.

ثانياً-

أ. يرأس الصندوق موظف بعنوان مدير عام حاصل على شهادةجامعية اولية في الأقل ومن ذوي الخبرة والإختصاص، يرشحه رئيس الهيأة ويعين وفقا للقانون.

ب. يعا ون المديرالعام موظف بعنوان معاون مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في الأقل ومن ذوي الخبرة والإختصاص .

ج. للمدير العام تخويل جزء من اختصاصاته الى احد موظفي الصندوق .

ثالثا -

